**زانكۆی سەلاحەددین**

**كۆلیژی ئاداب- بەشی مێژوو**


# جینۆسایدی گەلی كوردستانی باشوور" وەك نموونە"

لێكۆڵینەوەیەكی مێژوویی

١٩٨٠ـ ١٩٨٨


ئامادەكردنی: بێریڤان مەحمەد محمود

بەسەرپەرشتی: دكتۆرە سروە ئەسعەد سابر


٢٠١٤ـ٢٠١٥

**به قوربانیانی تاوانەکانی جینۆساید پێشکەشە**

## سوپاس و پێزانین

### بۆ هاوسەرەکەم دانا تەها سلێمان

### بۆ تەواوی هاوڕێکانم کە هۆکارو هاوکارم بوون بۆ تەواو کردنی توێژینەوەکەم


ناوەڕۆک:


**پێشەکی**..........................................................................................**ل**٥

**گرنگی توێژینەوە**..........ل٦
**ئامانجی توێژینەوە**..........ل٦
**هۆکاری هەڵبژاردنی توێژینەوە**..........ل٦
**پرسیاری بنەڕەتی توێژینەوە**..........ل٧
**گریمانەی توێژینەوە**..........ل٧
**ئاستەنگەکانی توێژینەوە**..........ل٧
**ڕێبازی نوسینی توێژینەوە**..........ل٨
**پەیکەری توێژینەوە**..........ل٨
**بەشی یەکەم: جینۆساید**..........ل٩
باسی یەکەم: پێناسەی جینۆساید..........ل١٠
باسی دووەم: کورتەیەك لە مێژووی جینۆساید..........ل١٢
**بەشی دووەم: جینۆسایدی گەلی کورد**..........ل١٥
باسی یەکەم: جینۆسایدی فەیلیەکان..........ل١٦
باسی دووەم: جینۆسایدی بەرزانیەکان..........ل٢٠
باسی سێیەم: جینۆسایدی هەڵەبجە..........ل٢٣
باسی چوارەم: جینۆسایدی قەلآدزێ..........ل٢٥
باسی پێنجەم: جینۆسایدی سەیدسادق ..........ل٢٧
باسی شەشەم: جینۆسایدی ١٩٨٨ ، ئەنفال..........ل٢٨
**بەشی سێیەم: دۆسیەی تاوانەکان لە دادگای باڵای تاوانەکان**..........ل٣٣
باسی یەکەم: تاوانی جینۆسایدی فەیلیەکان..........٣٤
باسی دووەم: تاوانی جینۆسایدی بەرزانیەکان..........ل٣٥
باسی سێیەم: تاوانی جینۆسایدی هەڵەبجە..........ل٣٦
باسی چوارەم: تاوانی جینۆسایدی قەلآدزێ..........ل٣٧
باسی پێنجەم: تاوانی جینۆسایدی سەیدسادق..........ل٣٨
باسی شەشەم: تاوانی جینۆسایدی ١٩٨٨ ئەنفال..........ل٣٩
**بەشی چوارەم: ناساندنی جینۆسایدی گەلی کوردستان "باشوور"**..........ل٤٠
باسی یەکەم: جینۆسایدی کوردو کاردانەوەی لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی..........ل٤١
باسی دووەم: دادگای تاوانی نێودەوڵەتی و جینۆسایدی کورد..........ل٤٤
**دەرەنجام**:..........ل ٤٦
**پێشنیارو ڕاسپاردە**:..........ل٤٦
**سەرچاوەکان**:..........ل ٥٠

## بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

## پێشەکی:

گەلی کورد بەدرێژایی مێژوو، لە هەرچوار پارچەی نیشتمانەکەی "باشوور، باکوور، رۆژئاوا، رۆژهەلأت" روو بە رووی کۆمەڵکوژی "جینۆساید"و تاوانەی نامرۆڤانەی جۆراو جۆر لە سەردەستی داگیرکەرانی ولأتەکەی "عێراق، ئێران، تورکیا" سوریا" بوەتەوە، بۆ پشڕاستکردنەوەی ئەو قسەیەی سەرەوە سەرچاوەو بەڵگەنامەو دیکۆمێنتی زۆر لە بەردەستە، کە ساغ کراونەتەوە.

کاتێك کە بیرم لە ئامادەکردنی توێژینەوەکەم وەك کەرەستەی چەندبەشێك لە وەرگرتنی بڕوانامەی "بکالوریس" لە کۆلێژی ئاداب "بەشی مێژوو" قۆناغی چوارەم دەکردەوە، زۆر بیرۆکەو ناونیشان لە بەردەستمدا بوو، بەلأم لەدواترو راگۆڕینەوە لە گەڵ مامۆستای سەرپەرشتیاری توێژینەوەو کۆمەڵێك کەسی تری شارەزا، هاتمە سەر ئەم بابەتەی کە بەجینۆسایدی کورد لە کوردستانی باشوور لە نێوان ساڵەکانی "١٩٨٠ ـ١٩٨٨" توژیژینەوە پێشکەش نەکراوە، بەڵکو بە شێوەی جیاجیا باس و توێژینەوە لە سەر "جینۆسایدی فەیلییەکان، ئەنفال، هەڵەبجە، ئەنفالی ١٩٨٨، بەرزانیەکان"کراوەو دیارە ئەوەش وەك پێویست شوێنی خۆی گرتوەو سوودی باشی هەبوەو لە هەمانکاتدا زۆرێکیان بوون بە سەرچاوەی باش لە زانیاری و دیکۆمێنت.

ئەم توێژینەوەیە فراوانەو لق و تەوەری وردی لێبوەتەوە، بەلأم توانیم لە کۆتایدا زاڵ بم بەسەریداو هەوڵمدا دا بە رێڕەوی زانستی خۆی کارەکە بە ئەنجام بگەیەنین و تەواو بکەم.

دەمەوێ لەم پێشەکیە ئەم لایەنانەی توێژینەوەکە روون بکەمەوە، وەك توێژینەوەکە لە چوار بەش و ئەنجامگیری و پێشنیارو راسپاردەکان پێك دێ، بەشی یەکەم پێناسەی جینۆسایدو کورتەیەك لە مێژووی جینۆساید، بەشی دووەم تیشك دەخاتە سەر ئەو قۆناغ و وێستگانەی لە نێوان ساڵەکانی "١٩٨٠ ـ١٩٨٨" تاوانەکانی جینۆسایدی دژ بە گەلی کورد لە کوردستانی باشوور تێدا ئەنجام دراوە، بەشی سێیەم تیشك دەخاتە سەر دۆسیەی ئەو تاوانانەی سەرەوە لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق و بڕیارەکانی دادگاو ناساندنیان وەك تاوانی جینۆساید، بەشی چوارەم تیشك دەخاتە سەر ناساندنی تاوانەکانی جینۆسایدی کوردستانی باشوور لە سەر ئاستی نێودەوڵەتی، پاشان باسی دەرەنجامەکان و راسپاردەو پێشنیارەکان دەکەم کە پێی گەشتووم.

گرنگی توێژینەوەگەش لەوەدایە کە تا ئێستا بەم شێوەیەو بە دیاریکراوی لە نێوان ساڵەکانی ١٩٨٠ ـ١٩٨٨ بە سەریەکەوە توێژینەوەی لە سەر نەکراوە، کە ئەمەش بۆخۆی کەلێنێکە لە مێژووی جینۆسایدی گەلەکەمان، هیوادارم بەم کارە توانیبێتم کەلەبەرێکم لەم ئاستە پڕکردبێتەوە.

## گرنگی توێژینەوەکە:

توێژینەوە لە سەر بابەتی جینۆسایدی گەلی کورد، لە هەموو پارچەکانی کوردستان "باشوور، باکوور، رۆژهەلات، رۆژئاوا" گرنگی و بایەخی خۆی هەیە، نەك تەنیا لە گێڕانەوەو تۆمارکردن و دیکۆمێنتکردن و بە مێژووکردنی، بەڵکو وەك پڕۆژەی ئاینده بینی و ئاینده سازی و بنەمایەك بۆ درووستبوونی دەوڵەتی کوردی، چونکە لە رۆژهەلاتی ناوەڕاست نەتەوەو گەلێك بەردەوام ڕوو بە ڕووی تاوانی جینۆساید بوبێتەوە، گەلی کوردە لە سەردەستی وڵاتە داگیرکەرەکانی وەك "تورکیا، عێراق، ئێران، سوریا".

بۆیە گرنگی ئەم توێژینەوەو تەواوی توێژینەوەکانی تر تایبەت بە جینۆسایدی گەلی کورد، لەوەدایە چۆن بتوانین بیانکەینە دەرەچە بۆ زیاتر شارەزابوون و ناسینی تاوانەکەو رەهەندە جیاجیاکانی و دەرکردنی لە قۆزاخەی لۆکاڵی و بەنێودەوڵەتیکردنی.

## ئامانجی توێژینەوەکە:

ئێمە لەم توێژینەوەدا، ئامانجی پەلەیەکمان ئەوەیە کە بتوانین قۆناغێکی دیاریکراو، لە جینۆسایدی گەلی کورد لە باشووری کوردستان دیاریبکەین، ئەوەش لە ساڵی ١٩٨٠ دەست پێدەکات تا ساڵی ١٩٨٨، لەم ماوەیەدا چوار تاوانی گەورەی جینۆساید دژ بە گەلی کوردو کوردستان ئەنجامدراوە، ئەوانیش تاوانی "جینۆسایدی فەیلیەکان، تاوانی جینۆسایدی بەرزانیەکان، تاوانی جینۆسایدی هەڵەبجە، تاوانی جینۆسایدی ئەنفال".

ئەم چوار تاوانەی جینۆسایدی گەلەکەمان، بەسەریەکەوە دەبنە کرۆکی توێژینەوەکەی ئێمەو ئامانجمانە، بە پشکنینی سەرچاوەی پێویست، بیان ناسێنین و تۆمارو دێکۆمێنتیان بکەین و شیکردنەوەی پێویستیان لە بارەوە بکەین.

## هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوەکە:

هۆکار زۆرن بۆ هەڵبژاردنی ئەم بابەتە بۆ توێژینەوەکەمان، بەلام سەرەکی ترین و بنەڕەتیترینیان بەبڕوای ئێمە ئەوەیە، جینۆسایدی گەلەکەمان لە باشووری کوردستان، لە یەککاتدا جێ بایەخی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان و زانکۆکانی هەرێمی کوردستان و چەندین ناوەندی زانستی و ئەکادیمی حکومی و ئەهلی کوردستانە.

باوەڕیشمان وایە تا لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی زانستی زیاتر لەم بابەتە بکرێ، ئەوکاتە بەردەستمان لە رووی زانست و زانیاری دەوڵەمەنترو پڕتر دەبێت و دەتوانین لە ئاستی پێویست ناسنامەی تاوانەکەو رەهەندە مێژوویی و گشتگیرەکانی بناسین و بناسێنین.

## پرسیاری بنەڕەتی توێژینەوەکە:

پرسیاری جەوهەری و کۆنکریتی ئەم توێژینەوە ئەوەیە بۆچی گەلی کورد لە باشووری کوردستان هەمیشە لە بەردەم مەترسی جینۆسایدا بوە؟ ئامانج لە جینۆسایدی گەلی کورد لە باشوور چی بوە؟

## گریمانەی توێژینەوەکە:

رەهەندی فیکری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و مێژوویی تاوانی جینۆساید دژ بەگەلی کوردستان، یەکێکە لە تاوانە گەورەکان کە دژ بەگەلی کوردستان لە هەرچوار پارچەکەی ئەنجام دراوە، ئێمە لەتوێژینەوەکەماندا، جینۆسایدی گەلی کورد لە باشووری کوردستان دەخەینە چوارچێوەی گریمانەی زانستی و ئەکادیمیەوە، هەوڵدەدەین لە رێگای ئەم گریمانەیەوە بەسەر رەهەندەکانی توێژنەوەکەدا زاڵ بین، هەر لە رێگای ئەو گریمانەیەوە بابەتی توێژینەوەکە بگەیەنینە ئەنجام.

## توێژینەوەکانی پێشووتر:

لە پێش ئەم توێژینەوەی ئێمە چەندین توێژینەوەی تر لە بابەت جینۆسایدی گەلی کوردو کوردستان لە باشوور ئەنجام دراوە، بەڵام دەبێت لێرەدا ئەمە ڕوون بکەینەوە ئەویش ئەوەیە هەموو توێژینەوەیەك سەنگ و قورسایی خۆی هەیە، بەڵام ئێمە پێش خۆمان دوای پشکنین و وردبوونەوە نەمانبینی بەسەریەکەوە لە "١٩٨٠ بۆ ١٩٨٨" تویژینەوە لە جینۆسایدی گەلی کوردو کوردستان کرابێت، ئەمەش هۆکاری هاندان و پاڵ پشتمان بوو بۆ ئەوەی لەم ئاستە توێژینەوەکەمان ئەنجام بدەین، بە سوود وەرگرتن لە توێژینەوەکانی پێش خۆمان.

## ئاستەنگەکانی توێژینەوەکە:

هیچ توێژینەوەیەك نیە لە کاتی کارکردن تیایدا، ئاستەنگ و کێشەی بۆ درووست نەبێت، ئێمە کاتێك دەستمان بە توێژینەوەکەمان کرد، سەرەڕای سەرچاوەیەکی باش و دەوڵەمەند، دەیان کتێب و گۆڤارو نامیلکەو رۆژنامە، گەڕان بە نێو ماڵپەڕە ئەلیکترۆنیەکان، بەڵام هێشتا بەشی خۆمان کێشەمان بۆ درووست بوو، ئاستەنگ و بەربەرستمان هاتە پێش، کەچی ئەمانە هەموویان نەیانتوانی رێگربن لەوەی توێژینەوەکەمان بگەیەنینە ئەنجام و بەسەر بەشێکیاندا زاڵ بوین.

## ڕێبازی نووسینی توێژینەوەکە:

له ئامادەکردن و نوسینی توێژینەوەکەماندا، پشتمان به زانستی مێژوویی (پشکنین و نووسین) بەستوە، له ڕێگای ئەو بابەت و زانیاریانەی به خوێندنەوەی سەرچاوەکان و بەراوردکردنیان بۆمان پشت ڕاست بوونەتەوە.

## پەیکەری توێژینەوەکە:

پەیکەری توێژینەکەمان پێك دێت له (پێشەکی، گرنگی توێژینەوە، ئامانجی توێژینەوە، هۆکاری هەڵبژاردنی بابەتی توێژینەوە، پرسیاری بنەڕەتی توێژینەوە، گریمانەی توێژینەوە، ئاستەنگەکانی توێژینەوە، ڕێبازی نووسینی توێژینەوە، بەشی یەکەم: جێنۆساید، بەشی دووەم: جێنۆسایدی گەلی کوردستان "باشوور"، بەشی سێیەم: دۆسیەی تاوانەکان لەدادگای باڵای تاوانەکان لەعێراق ، بەشی چوارەم: ناساندنی جینۆسایدی گەلی کوردستان "باشوور"، دەرئەنجامی توێژینەوە، پێشنیاز و ڕاسپاردە، لیستی پەراوێزو سەرچاوەکان).

# بەشی یەکەم: جینۆساید

## باسی یەکەم: پێناسەی جینۆساید

لەبەررۆشنایی ئەو پێوەرو پێوانانەی کە لەپەیماننامەی پێشگرتن و سزادانی تاوانکاری جینۆسایدا هاتوون لە "٩"ی دیسمبەری ساڵی ١٩٤٨ لەلایەن کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە هاتووە، وەکو بڕیارێکی تایبەت بەژمارە (٢٦٠) بڵاوکراوەتەوە"[١]". دەتوانین کۆی تاوانەکانی دژ بە گەلی کورد وەك "ئەنفالی ١٩٨٨، ئەنفالی بەرزانیەکان، کیمیابارانی هەڵەبجە، کۆمەڵکوژی و راگواستنی فەیلیەکان، راگواستنی پشدەرو دەوروبەری، بۆمبارانکردنی قەڵادزێ، راگواستنی سەید سادق، راگواستنی مەخمور، راگواستنی کەرکوك و دەوروبەری، بۆردومانی ئۆردوگای زیوێ، کۆمەڵکوژی ئەشکەوتی دەکان، کۆمەڵکوژی سمیلێ"و زۆری تر، لە نوێترینیان "کۆمەڵکوژی کوردانی ئێزدی و قەزای شەنگال و دەوروبەری" بە جینۆساید بناسێنین، بە پێی ماددەی "٢"ی ئەو پەیماننامەیە کەبەم شێوەیە باس لەجینۆساید دەکات"[٢]".

-1جینۆساید هەموو ئەو کردەوانەی خوارەوە دەگرێتەوە کە مەبەستی لەناوبردنی تەواو یان بەشێك لەگروپێکی نەتەوەیی، ئەتنیکی، ڕەگەزی و ئاینی ئەنجام دەدرێت، بۆنموونە:

-2کوشتنی ئەندامانی گروپەکە.

-3گەیاندنی زیانی گیانی یا ڕۆحی ترسناك بەئەندامانی گروپەکە.

-4بەمەبەست دانانی ئەندامانی گروپەکە لەژێر بارودۆخێکی وادا کەببێتە هۆی فەوتاندنی بەشێك یان تەواوی ئەندامەکانی .

-5پێشگرتن لەزاوزێکردن (منداڵ بوون) لەنێو گروپەکە .

-6دابڕانی بەزۆری منداڵان و گواستنەوەیان لەوگروپە بۆگروپێکیتر"جیاکردنەوەیان لە خانەوادەی خۆیان.""[٣]"

---

[١]-د- مارف عومەر گوڵ، جینۆسایدی گەلی کورد لە بەر رۆشنایی یاسای تازەی نێودەوڵەتاندا، دکتۆر مارف، چاپی پێنجەم، هەولێر ٢٠١٠، ل ٢١

[٢]-هەمان سەرچاوە ل٢٢

[٣]- تەها سلێمان، جینۆسایدی گەلی کورد (ئامار، داتا، پشکنین" ، سلێمانی، ٢٠١٤، ل ١٠

ئەگەر سەرجەم برگەو خاڵەکانی پێناسەکە بۆجینۆساید لێکبدرێتەوە، بەتەواوی و بەڕوونی ئەوەمان بۆدەردەکەوێت کەسەرجەم ئەمانە لەشاڵاوەکانی دژبەگەلی کورد لەکوشتن و لەناودان و ئەنجامدانی تاوان، کەلە سەرەوە باسمان کردو ناومان هێنا بەرامبەر بە گەلی کورد دەچنە چوارچێوەی جینۆسایدەوە.

هەروەك لەمادەی "٣"ی ڕێککەوتننامەکەدا باس لەوتاوانانە دەکات کەئەنجام دەدرێن و پێویستە بکەرو ئەنجامدەرانی سزای یاسایی بدرێن و وەربگرن، ئەوانەش ئەم کاراکتەرانەن:

-1پلاندانان بۆ ئەنجامانی جینۆساید

-2سەپەرشتیکردن و هاندان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.

-3هەوڵدان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید.

4پیلان گێڕی لەچوارچێوەی جینۆساید. "١".

بەکورتی و بەپوختی، پێناسەی جینۆساید بەپێی بڕیاری ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە بڕیاری ژمارە (٩٦) بوو لە ١٩٤٦/١٢/١١ دەرکرا، سەبارەت بەوەی کەجینۆساید تاوانێکە بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی دەبەزێنێت و دژی ئامانجەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەو لەبەرئەوەی ئەم تاوانە پێشێلکردنی تەواوی مافەکانی مرۆڤەو زۆر ترسناکەو لەدژی مافی ژیانەو تێکدەری ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەییە،

بۆیە بڕیاری ئەوەی لەسەردراوە کەتاوانێکی دڕندانەیە لەدژی مرۆڤایەتی و کۆمەڵەی گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان کەپشت بەبەندی"٦"شەشەمی بنەماکانی دادگای "نوێرنبێرگ"دەبەستێت کەجینۆساید واتە رەتکردنەوەی مافی بوونی سەرجەم کۆمەڵی مرۆڤایەتی و هەروەك چۆن نیشانەی رەتکردنەوەی مافی بونی ژیانە، ئەویش رەدکردنەوی دانپێدانانە بەمافی بوون و سوکایەتیکردنە بەسەرجەم مرۆڤایەتی و ژیانێکی پڕلەنەهامەتی بەرهەم دێنێ"٢".

---

١-دکتۆر مارف عومەر گوڵ، هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣، ٢٦، ٢٧

٢ -هەمان سەرچاوە ل ٢١_ ٢٣

## باسی دووەم: کورتەیەك لە مێژووی ئەنجامدانی جینۆساید

لەمێژووی مرۆڤایەتیدا، دەیان وێستگەی ئەنجامدانی جێنۆساید "کۆمەڵکوژی و تاوان" بوونی هەیە، لێرەدا ئاماژە بەچەند وێستگەیەکیان دەکەین لەوانە "جینۆسایدی هندیە سوورەکان کە لەکۆی زیاتر لە "٥٠" ملیون بۆ "٩٠" ملیۆن کەس ئێستا لەسەرتاسەری جیهان نزیکەی "٤ بۆ ٥" ملیۆن کەسیان لێماوەتەوە، یان هۆڵۆکۆست کەجینۆسایدی جولەکەکانە چەندین ملیۆن کەسیان لەلایەن نازییەکانەوە لێ کۆمەڵکوژکراوە، بۆنموونە تەنها لەوڵاتی پۆڵۆنیاو لەشاری "ئاوش فێچ" زیاتر لە "١" ملیۆن کەسیان لێکۆمەڵکوژو بەسەدان هەزاریان لێ کەم ئەندام کراوە، ئەمە جگە لەشوێنەکانی تر وەك "ئەڵمانیاو سویدو نەمسا"و هتد. هێرشی کیمیاوی بۆ سەر هێرۆشیماو ناکازاکی، یان جینۆسایدی هێرۆشیماو ناکازاکی کەلەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ سەروڵاتی یابان ئەنجامدراو زیاتر "١٤٠" هەزار کەس لەهێرۆشیما، ٨٠ هەزار کەس لە ناکازاکی بوون بە قوربانی. یان جینۆسایدی ئاشوریەکان لەعێراق کە ژێدەرو سەرچاوەکان ئاماژە بە کۆمەڵکوژکردنی زیاتر لە "٦٠" هەزار ئاشوری دەکەن لەسەرەتای ساڵانی سییەکاندا، تەنها لە بەر هۆکاری ئاین و زمان و جیاوازییان"[١] یان جینۆسایدی ئەرمەنەکان لەلایەن دەوڵەتی عوسمانی لە ساڵی ١٩١٥و دوای جەنگی جیهانی یەکەم کەخۆی لە زیاتر لەیەك ملیۆن و نیودەدا. هەروەك لەمانگی ٣و ٤ـ١٩٩٤ کۆمەڵێك لە سەرکردەی توندڕەو لە کۆمەڵەی "هۆتۆ"، کەنوێنەرایەتی زۆرینەیان لەرواندا دەکرد، شاڵاوی کۆمەڵکوژی "جینۆساید"یان لەدژی کەمینەی ئەو وڵاتە "توتسی" دەست پێکردو لەماوەیەکی دیاریکراو کە "١٠٠" ڕۆژی تێپەڕنەکرد، نزیکەی "٨٠٠، ٠٠٠" هەزارکەسیان کوشت و بەهەزاران ئافرەت ڕوو بە ڕووی ئازارو ئەشکەنجەو دەست درێژی سیکسی بوونەوە. کۆمیتەی دەنگی ویژدان کەسەربە مۆنۆمێنتی هۆلۆکۆستە لەوڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، ڕۆشنایی خستە سەرکۆمەڵکوژی "جینۆساید" لەرواندا کە دەکەوێتە ناوەڕاستی ئەفریقیا. ئەمانەو چەندین وێستگەی تری جێنۆساید لەجیهان و وڵاتاندا ئەنجامدراوەو بە ملیۆنان مرۆڤی لە دوو توێی ئامانجەکانی خۆیدا کردوەتە قوربانی."[٢]

---

١- تایبەت بە جینۆسایدی گەلان و ئەو وڵات و شوێنانەی تاوانی جینۆسایدیان تێدا ئەنجامدراوە. http://ar.wikipedia.org

٢- تەها سلێمان، کورتەیەك لە مێژووی جینۆساید، سلێمانی، ٢٠١٥، ل١١

مەعلومیشە گەلی کوردستان لە هەرچوارپارچەکەی "باشوور، باکوور، رۆژهەڵات، رۆژئاوا" قوربانی سیاسەتی جینۆسایدی رژێمە داگیرکەرەکانی بوە وەك "عێراق، ئێران، تورکیا، سوریا". لەعێراقدا "باشووری کوردستان" جگە لەڕاگواستن و دەربەدەرکردنی سەدان هەزار خێزان لەشاروشارۆچکەکانی "کەرکوك، خانەقین، موسڵ، شەنگال، بەدرەو جەسان، خوورماتوو، مەخموور"و تێك و پێکدانی هەزاران گووند، دیارترین و ترسناکترین وێستگەکانی جینۆساید ئەمانەی خوارەوە بوون "ئەنفال و جینۆسایدی بەرزانیەکان کە زیاتر لە "٩٠٠٠" هەزارکەسیان لێ جینۆسایدکرا، جینۆسایدو دەربەدەرکردنی کوردانی فەیلی کە بە "٧٠٠" حەوودسەد هەزارکەس ئەژمارو تۆمارکراون، کیمیابارانکردنی هەڵەبجە کەجگە لەجینۆسایدکردنی "٥٠٠٠" هەزار کەس"١"، بە هەزارانی تریشی کەم ئەندام کرد، شاڵاوەکانی ئەنفالی ١٩٨٨ کە "١٨٢" هەزار مرۆڤی زیندە بەچاڵ و جینۆسایدکرد"، ئەمە جگە لەچەندین شاڵاوی تری جینۆساید کە قوربانییەکانی بە دەیان هەزار ئەژمارو تۆمارکراون"٢".

لەتورکیاشدا "باکوری کوردستان" تەنها لە ساڵی ١٩٢٥ بۆ ١٩٢٨ لە "١٢" ناوچەی کورد نشین "٨٢٤٣" هەشت هەزارو دووسەدوچل و سێ گووند خاپوورو وێران کراون و "١٣٧٨٨" سیانزە هەزارو حەوسەدو هەشتاو هەشت کەسیش جینۆسایدکراون. لەساڵی ١٩٣٧ "١٠" هەزار هاوڵاتی و لەساڵی ١٩٣٨ "٦" شەش هەزارو "٨٦٨" کەس جینۆسایکراون، کە ئەمە بەجینۆسایدی "دەرسیم" ناوبانگی دەرکردوە. ئەمەجگە لەجینۆسایدی "خاك و کلتوورو زمان" کە لە ١٩١٤وە بۆ ئێستا بە شێوەیەکی سیستماتیك و بەرنامە بۆدارێژراو بەردەوامی هەیە"٣".

لەسوریادا "رۆژئاوای کوردستان" لە ساڵی ١٩٤٦وە بە شێوەیەکی سیستماتیك جینۆسایدی گەلی کورد دەستی پێکردوە، بۆنموونە هەرلەوساڵەدا "١٥٠" هەزار کورد بە بێگانە لەقەڵەم دران و ناسنامەیان لێسەندرایەوەو لە ساڵی ١٩٤٥ تا ١٩٥٨ "١٥٠٠٠" هەزار خێزانی عەرەب دەهێنرێتە ناوچە کوردییەکان و نیشتەجێدەکرێن.

---

١-چنارنامق، جینۆسایدو ئەنفالی کورد، کەرکوك، ٢٠١٢، چاپی یەکەم، ل ٣٧، ٣٨، ٣٩

٢-تەها سلێمان، جینۆسایدی گەلی کورد"پشکنین، ئامارو زانیاری، دیکۆمینت"، ل ٢٢

٣- هەمان سەرچاوە، ل ٢٦، ٢٧

ئەمە جگە لەوەی لە "٩٠٪ی خێزانە کوردییەکان ناسنامەی کوردبوونیان لێوەردەگیرێتەوەو بە زۆر دەکرێن بە عەرەب، بۆنموونە لە پارێزگای جەزیرەدا "٢٠٠" هەزار کورد ناسنامەی نەتەوەییان لێدەسەنرێتەوە، هاوکات بە بیانووی پشتێنەی ئەمنی سنوور "٦٠" هەزار کوردی تر بێناسنامە دەکرێن، بەهەزاران جوتیاری کورد لەگوندەکان بە زۆرە ملێ هەڵکەندراون و راگوێزراون و شوێن و جێگاکانیان بە عەرەب پڕ کراوەتەوە."١"

ئەگەریش بمانەوێ نموونە ئێران "رۆژهەڵاتی کوردستان" وەربگرین ئەوە بەسە کە ئەوە بخەینە روو، تەنها لە ماوەی دەسڵاتی "١٢" ساڵی کۆماری ئیسلامی ئێراندا "لە ١٠٧٩ بۆ ١٩٩١ "٥٠" هەزار کورد بە تاک و کۆمەڵ و گرووپ کوژراون و جینۆساید کراون، لەساڵی ١٩٩١ بۆ ئێستا ٢٠١٤ زیاتر لە "١٠٠" هەزارکەس لەسێدارەدراون و کۆمەڵکوژکراون، ئەمە جگە لەسیاسەتی چۆڵکردن و راگواستنی ناوچە کوردستانیەکان کە بەهەزاران کوند ئەژماردەکرێن و تۆمارکراون و دانیشتوانەکەشی ناچاری جۆرەها سیاسەتی کوشتن و بڕین و برسیکردن و ڕاگواستن و هەڵاتن کراونەتەوە"٢".

---

١-دکتۆر مارف عومەر گوڵ، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٤

٢-هەمان سەرچاوە ل ٨٥

# بەشی دووەم

# جینۆسایدی گەلی کوردستانی باشوور "وەك نموونە"

## باسی یەکەم: جینۆسایدی فەیلییەکان

کوردی فەیلی یان کوردە فەیلیەکان، ناو یان نازناوێکە بەوکوردانە دەوترێ کەبەزۆری و بەدرێژایی مێژوو لە ڕۆژهەلاتی "دیجلە" ژیاون و بەشێکی دانەبڕون لە نەتەوەی کورد و لەرووی ئاینیەوە سەربەمەزهەبی شیعەن. ئەم زاراوەیە "فەیلی" لە بنەڕەتدا بەو کۆمەڵە هۆزە "لوڕ" دەوترێ، کە نیشتەجێی "پێشکۆو پشتکۆ"ی زنجیرە چیای زاگرۆس بوون، زۆربەی مێژوونوسان لە سەر ئەوە کۆکن کە "فەیلی" ڕەچەڵەکی "ئیلامی یان گۆتیەکانن" لە ناوەڕاست و باشووری عێراق ژیاون، وەك ناوچەکانی "مەندەلی، زرباتیە، بەدرە، جەسان، خانەقین، کەرکوك، بەغداد، کوت، عەمارە، بەسرە" .

ڕۆژهەلاتناسی رووسی "ڤلادمێر مینۆرسکی" پێی وایە زاراوەی "فەیلی" لە سەدەی شانزە بوە، بۆ جیاکردنەوەی میرنشینی "لوڕی بچوك" و حکومڕانیەکەی کە خۆیان بە لوڕی رەسەن دادەنا، بەبەراورد بە "لوڕی گەورە" کە وایان دادەنا "لوڕی بچوك" بەشێکن لە "لوڕی گەورە" نەك رەسەن و بنچینە. "جۆن مالکۆن و براون" و توێژەری کورد "د. ئیسماعیل قوماندار" پشتگیری بۆچوونەکەی "ڤلادمیر" دەکەن و پشڕاستی دەکەنەوە. سەرەڕای ئەوەی ئەم زاراوەیە لەم ناوچانە بە دەگمەن بەکارهاتوە، بەلاَم لە سەدەی نۆزدەیەم تەنیا لەلایەن دانیشتوانی "پشتکۆ" بەکارهاتوە، لە سەردەمی ئێستاش ئەم زاراوەیە تەنیا بۆ ئەو کوردانە بەکاردەهێنرێت کە نیشتەجێی ئەو ناوچانەن کە سنووری دەوڵەتی عێراقن لەدوای دیاریکردنی سنووری نێوان "ئێران و عوسمانیەکان" لە ساڵی ١٩٠٥، بەلاَم دانیشتوانی "خانەقین و مەندەلی" کە کوردی گەرمەسێرن. (١)

ئەم زاراوەیە بۆ ناساندنی خۆیان بەکارناهێنن، بەڵکو زاراوەی کوردی فەیلی بۆ ئەو توێژەی کورد بەکاردەهێنرێت، کە لە ڕووی ئاینیەوە سەربە ڕێبازی مەزهەبی شیعەن، واتا ناولێنانەکە لە سەربنەمای مەزهەبیە نەك نەتەوەیی، مەسەلەی کوردی فەیلی وەك کێشەی بەشێك لە عەرەبی شیعە مەزهەب، پەیوەستە بەو ململانێ سیاسیە دوورو درێژەی نێوان "دەوڵەتی عوسمانی تورك و دەوڵەتی سەفەوی ئێرانی"، کە هۆکارو ڕێخۆشکەر بوو بۆ پەرتکردن و دابەشبوونی ناوچەکە لە نێوان "عوسمانی و سەفەویدا".

---

١-تەها سلێمان، لە دادگای باڵای تاوانەکانەوە "دۆسیەی فەیلییەکان"، بەیروت، ٢٠١٥، بیروت، چاپی یەکەم، ل ٨، ٩

مەسەلەی کوردی فەیلی وەك کێشەی بەشێك لە عەرەبی شیعە مەزهەب، پەیوەستە بەو ململانێ سیاسیە دوورو درێژەی نێوان "دەوڵەتی عوسمانی تورك و دەوڵەتی سەفەوی ئێرانی"، کە هۆکارو ڕێخۆشکەر بوو بۆ پەرتکردن و دابەشبوونی ناوچەکە لە نێوان "عوسمانی و سەفەویدا". هەروەك زۆرێك لە شیعەکانی عێراق بە دواکەوتوویی "ئێران" ناونووس کران کە لە ناویاندا کوردی فەیلی پشکی شێریان بەرکەوت و لە سەرەتای دروستبوون و دامەزراندنی دەوڵەتی عێراقیەوە لە گەڵ چین و توێژەکانی تری کۆمەڵگای عێراقی جیاکرانەوە.

لە ساڵی ١٩٢٤ یاسای ڕەگەزنامەی عێراقی مکوڕی لە سەر دابەشکردنی گەلی عێراق کرد، بۆ سێ بەش لە سەربنەمای "ئاین و نەتەوە"، کوردی فەیلی لە بەر ئەوەی لە پەیڕەوکەرانی ڕێبازی مەزهەبی "شیعە" بوون، بە ڕەچەڵەکی "ئێرانی" ناونوس کران، بۆیە بەبەردەوامی دەکەوتنە بەردەم هێرش و پەلامارو شاڵاوەکانی فەرمانڕەوایانی عێراق، چ بە کوشتن و لەناودان و زیندانی کردن، یان بەتاڵانبردنی سەروەت و سامانەکانیان و وەدەرنانیان لە عێراق.

ئەم کوردانە لەلایەن دەوڵەتی عێراقی کەبەعس فەرمارەوایی دەکرد، لەساڵی ١٩٦٣وە بەهەموو شێوەیەك ڕوو بەڕووی کۆمەڵکوژی و جینۆسایدو پاکتاوی ڕەگەزی بوونەتەوە. ژێدەرو ئامارەکان ئەوە دەردەخەن و پشڕاست دەکەنەوە، کە بەدەیان هەزار لەم توێژەی کورد ڕوو بەڕووی مەرگ بوونەتەوە. (١)

بەڵام بەدرووستی لە سەرەتای هەفتاکانەوە شاڵاوی کۆمەڵکوژی فەیلیەکان دەستی پێکرد، کە "٤٠٠٠٠" هەزار خێزانی کوردی "فەیلی" بۆ ئێران ڕاگوێزران، لەساڵی ١٩٨٠ بە پێی بڕیاری ژمارە "٦٦٦" وەزیری ناوخۆی عێراق، فەرمانی وڵاتبەدەرکردنی کوردە فەیلییەکانیدا، لەفەرمانەکەی وەزیری ناوخۆی عێراقدا هاتوە": ئەو ئێرانیانەی لەوڵاتدان و ڕەگەزنامەی عێراقییان نییە، هەروەها ئەوانەش کەمامەڵەیان کردووە بڕیارییان لەبارەوە دەرنەچووە دەردەکرێن". لەهەمانکاتدا بڕیارەکەی حکومەتی عێراقی ئەوەشی تێدا بوو ": کەلاوانی کوردی فەیلی لەتەمەنی ١٨ تا ٢٨ ساڵ، بگیرێن و لەبەندیخانەی پارێزگاکاندا، تاماوەیەکی نادیار دەسبەسەربکرێن". هەروەك بڕیارەکەی وەزیری ناوخۆی حکومەتی عێراق ئەوەشی دووپات کردوەتەوە ": کەهەرکەسێك لەو کوردانەی ئاودیوی ئێران دەکرێن، ئەگەر هەوڵیاندا بگەڕێنەوە تەقەیان لێبکرێت". لەرۆژی ٢٦-٢-١٩٨١ لەرۆژنامەی سەورەی زمانحاڵی حکومەتی عێراق "سەدام حوسێن" لەبارەی کوردە فەیلیەکانەوە دەڵێ":

---

١-تەها سلێمان، لە دادگای باڵای تاوانەکانەوە "دۆسیەی فەیلییەکان"، چاپی یەکەم، بەیروت، ٢٠١٥، ل ١٠

ئەم توێژە لەعێراق ریشەکێشبکەن، تاوەکو خاکی عێراق و هەوای عێراق پیس نەکەن و خوێنی عێراقیش پیس نەکەن، کاتێك بەرێگەی ژن و ژنخوازییەوە خوێنیان تێکەڵی خوێنی عێراقییەکان دەبێت". سەرنجدان و وردبوونەوە لەم قسەیەیی "سەدام" سەرۆکی دەوڵەتی پێشووی عێراق بەسن بۆ ئەوەی تێبگەین کە شۆڤێنیەت و رادەی رەگەزپەرستی بیرکرنەوەی حزبی بەعس و سەرۆك و سەرکردەو حکومەتەکەی لەعێراق تاچ رادەیەك دژ بەمرۆڤ و هاوکات لەهەوڵی ئەوەبوە لەناوییان ببا، بەتایبەت ئەوانەی جیاوازبوون لەگەڵی.

بەپێی زانیارییە بەردەستکەوتوەکان، پێش ساڵی ٢٠٠٣ زیاتر لە "٢٠٠" هەزار دانیشتوانی عێراق ئاوارە یان راوەدووی ئێران نراون، کە ٦٥٪ کە شەست و پێنج لەسەدی ئەو ژمارەیە لە کوردی فەیلی بوون و تائێستاش زۆرێکیان لەو وڵاتە ماونەتەوە. ئەمە جگەلەوەی لەماوەی دەسلآتی حزبی بەعس بە هەزاران کوردی فەیلی زیندانی کراون و لەسێدارە دراون و کۆمەڵکوژی کراون. (١).

بەلآم عارف قوربانی نووسەرو لێکۆڵەر لەبواری جینۆساید، لەبەرگی یەکەمی کتێبی شایەتحاڵەکانی و لەپێشەکی کتێبەکەدا، بەوردی ئەوە پشت راست دەکاتەوە کەژمارەی جینۆسایدی فەیلییەکان لەعێراق زۆر لەوە زیاترەو بەپشت بەستن بە کۆمەڵێك دیکۆمێنت دەنوسێ" لە ساڵی ١٩٧١ چل هەزار خێزانی کوردی فەیلی کە ژمارەیان " ١٨٠" هەزار کەس دەبوو، دەست گیرا بە سەرموڵك و ماڵ و سامانیانداو ئاودیوی ئێران کران، هەروەها "٣٠٠" هەزار کوردی تری فەیلی لە ساڵی ١٩٨٠ ئاودیوی ئێران کرد بە بیانووی ئەوەی ئەوانە بە رەچەڵەك ئێرانین، لە کۆی ئەم "٣٠٠" هەزار فەیلیە " ١٥ " هەزار گەنجیان لێ بێ سەرو شوێن کردن و تا ئێستا چارەنوسیان دیارنیە.

ژێدەرو ئاماری تریش زۆرن کەژمارەی وەدەرنانی کوردە فەیلیەکان لەعێراق و زیندانی کردن و کوشتن و زەوتکردنی سەروەت و سامانیان و بێسەرو شوێنکردنیان، بە "٥٠٠" پێنج سەد هەزار کەس ئەژمار دەکەن. بەلآم بەپێی ئەو سەرچاوانەی لەبەردەستی ئێمەدان، وە ئەوەشی کەسەرچاوەو بەڵگەنامەکان بۆ ئێمەیان ساغکردوەتەوە "٣٨٠" هەزار کوردی فەیلی روو بە رووی ڤڕکردن و جینۆسایکردن بوونەتەوەو ئاسەوارەکانیشی تا ئێستا ماون و بۆچەندین دەیەیی تریش هەردەمێنن.(٢).

---

١- الدكتور خليل اسماعيل محمد الكرد الفيليون "بين حملات التفسير و سياسة التهجير"،هولير، ٢٠١٣ ل٤١

٢-عارف قوربانی، شایەتحاڵەکانی ئەنفال، ٢٠٠٢، سلێمانی، چاپی یەکەم ل ٢٢

دۆسیەی کۆمەڵکوژکردن "جینۆساید"کردنی کوردی فەیلی لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، لە دوای رووخانی "بەعس" لە ساڵی ٢٠٠٣ بوە یەکێك لە دۆسیە گرنگ و پڕبایەخەکان، یەکەم هەنگاو بە ئاراستەی گەڕانەوەی ماف بۆ کوردانی فەیلی راگوێزراو بۆ وڵاتی ئێران لەلایەن دەسلاٽدارانی عێراقەوە، لە ساڵی ٢٠٠٦ یاسای رەگەزنامەی عێراقی، بڕیاری ژمارە "٦٦٦"ی هەڵوەشاندەوەو پوچەڵکردەوە، کە ئەم بڕیارە مافی هاولاٽیبوونی بە کوردی فەیلی لە عێراقدا نەدەدا، ئەمەش هەنگاوێکی ئەرێنی بوو بۆ وەرگرتنەوەی مافی هاوڵاتیبوون لە لایەن زۆربەی ئەو کوردە فەیلیانەی ئەم مافەیان بە پێی بڕیاری ناوبراو لێزەوتکرابوو(١)

---

١- نجم سليمان مهدى الفيلى، الفيليون "تاريخ، قبائل وأنساب، فلكلور، تراث قومى" ، الطبعة الثانية، ٢٠٠٩ ل٢٣

## باسی دووەم: جینۆسایدی بەرزانیەکان

ناوچەی بارزان لە باشووری کوردستان دەکەوێتە ناوچەیەکی شاخاوییەوە، لەنێوان "عێراق – ئێران- تورکیا"، ئەم ناوچەیە لە حەوت هۆزێکهاتوە ": شێروانی، دۆڵەمەڕی، گەردی، نزاری، بەرۆژی، مزووری، هەرکی بنەجێ"، لەڕووی ئیدارییەوە بارزان قەزای مێرگەسوورەو سەربەپارێزگای هەولێرەو پێنج شارچکەی هەیە وەك ": بارزان، کۆڕەتوو، مەزنی، پیران، شێروان مەزن". ژمارەی گووندەکانی "٢٦٠" گووندەو دوای جینۆسایکردنیان تائێستا نزیکەی "٨٢" گووندییان ئاوەدانکراوەتەوە. کۆی ژمارەی دانیشتوانی ناوچەی بارزان بە "٥٠٠" هەزار کەس مەزەندە دەکرێن.

پاش رێکەوتنامەی جەزائیر لە ساڵی ١٩٧٥، رژێمی بەعس بەشێوەیەکی پلان بۆداڕێژراو، کەوتە شالأوی کۆمەڵکوژی بارزانییەکان و هەنگاوە بەراییەکانی ئەم کۆمەڵکوژییەش بەم شێوەیە دەستی پێکرد. سەرەتا بارزانییەکان رووبەڕووی ئاوارەبون بوونەوەوکەوتنە دیوی ئێران، و بەشارە فارسە ئێرانییەکاندا بلأوبوونەوە یان دابەشکران، بەم شێوەیە دەستکرا بەجینۆسایدی بارزانییەکان. لەساڵی ١٩٧٥ دانیشتوانی "نزارو بەرۆژ" بۆخوارووی عێراق دوورخرانەوەو فرێدرانە سنووری پارێزگای دیوانیە، لەساڵی ١٩٧٨ بەهەمان شێوە دانیشتوانی ناوچەکانی "مزووری، شێروانی، گەردی" بۆ ئۆردگاکانی "بەحرکە، دیانا، هەریر، کۆرەتوو" لەسنووری پارێزگای هەولێر گوێزرانەوە. لەشالأوێکی ترو لەشێوەی پێشوو، لەساڵی ١٩٨٢ دانیشتوانی "شێروان مەزن"یان بۆ ئۆردگای زۆرەملێی "سێبیران" گواستەوە، دواترو دوای ئەو هەنگاوە بەراییانە، کردەوەی کۆمەڵکوژی بارزانییەکان بەشێوەیەکی فراوانترو کرداری لەلایەن دەوڵەتی عێراق و حزبی بەعس"وە دەستی پێکرد. لەساڵی ١٩٨٣ شالأوی جینۆساید بوو بەکردەیی و بەچەند قۆناغێك و سەرەنجام "٨٠٠٠" هەزار کوردی بارزانی - دەستگیرگران و لە بیابانی "ال دەستپێکی ئەم کردەوەو شالأوەی جینۆساید بەچەند قۆناغێك و بەم شێوەیە بوو:

یەکەم: قۆناغی یەکەم لە ٢٩ تا ٣٠ـ ٧ـ ١٩٨٣ دەستگیرکردنی هەندێ کەسایەتی دیاری بارزانییەکان.

بوصیە الجنوبیە" گوولەباران کران و "جینۆساید" کۆمەڵکوژکران. (١).

---

١-تەها سلێمان، لە دادگای باڵای تاوانەکانەوە "دۆسیەی بەرزانیەکان"، بیروت، ٢٠١٥، ل ٦،٧

دووەم: قۆناغی دووەم لە ١٩٨٣-٧-٣١ بەکۆمەڵگرتنی هەموو نێرینە "رەگەزی نێر"ی بارزانییەکان لە ئۆردووگاکانی " قودس و قادسیە".

سێیەم: قۆناغی سێیەم لە ١٩٨٣-٨-١٠ بەکۆمەڵگرتنی هەموو نێرینە "رەگەزی نێر"ی بارزانییەکان لە ئۆردوگا زۆرەملێکانی " هەریر، بەحرکە، دیانا".

چوارەم: قۆناغی چوارەم راوەدوونان و بەکۆمەڵگرتنی ئەو بارزانیانە بوو، بەهەرشێوەیەك بوبێت لە شالأوەکانی گرتن رزگارییان ببوو.

بەم شێوەیە وەك لەپێشووتر ئاماژەمان بۆکرد، "٨٠٠٠" هەزار لەرِەگەزی نێری بارزانانیەکان لە گەنج و پیرو مێرد منالّ، لەلایەن دەوڵەتی عێراق بەرێبەرایەتی "بەعس" لەناوبران و جینۆساید کران.

لەدوای پرۆسەی رووخانی بەعس لەفەرمانرِەوایی لەساڵی ٢٠٠٣، لەپرۆسەی گەرِان و پشکنینەکان تا ئێستا توانراوە تەنها "٦٠٦" لە رووفاتی شەهیدو قوربانییەکانی ئەم کردەی جینۆسایدی بارزانییەکان بۆ باوشی نێشتمان و زێدی خۆیان بگەرِێنرێتەوە بەم شێوەیەیی خوارەوە، یەکەم: لە ١٦-١٠-٢٠٠٥ "٥١٣" رووفات لە "بوسەیە" خوارووی عیراق. دووەم: لە ٦-٣-٢٠١٤ "٩٣" رووفات دیسان خوارووی عیراق، واتە لە کۆی "٨٠٠٠" هەزار کوردی بارزانی کۆمەڵکوژکراو "٧٣٩٤" حەوت هەزارو سێسەدو نەودو چوار رووفاتی قوربانییەکان هێشتا لە نێو گۆرِە بەکۆمەڵەکانن و بەنادیاری ماونەتەوەو نەتوانراوە بە دروستی بدۆزرێنەوەو بهێنرێنەوە بۆ کوردستان. (١)

لە دوای ساڵی ٢٠٠٣و رووخانی رژێمی بەعس، یەکێکە لە کارە هەرە گرنگ و باشەکان، پێکهێنانی دادگای باڵای تاوانەکان بوو لە عێراق، دوای درووستبوونی دادگاکەش، چەندین دۆسیەیی کۆمەڵکوژی خرانە پێش دەستی دادگاکە، لە نێویاندا دۆسیەکانی کۆمەڵکوژی گەلی کورد، کە دیارترینیان ئەم دۆسیانە بوون

---

١- -تەها سلێمان، لە دادگای باڵای تاوانەکانەوە "دۆسیەی بەرزانیەکان"، بیروت،٢٠١٥، ل٢١

" دۆسیەیی کۆمەڵکوژی ئەنفال ١٩٨٨، دۆسیەیی کۆمەڵکوژی بارزانییەکان سەرەتای ساڵی هەشتاکان، دۆسیەیی کۆمەڵکوژی کوردی فەیلی، دۆسیەیی کۆمەڵکوژی هەڵەبجە، دۆسیەیی کۆمەڵکوژی قەزای پشدەرو سەید ساق، دۆسیەیی پاکتاوی رەگەزی، دۆسیەیی کۆمەڵکوژی راپەڕینی ساڵی ١٩٩١، دۆسیەیی کۆمەڵکوژی زیوە، دۆسیەیی پاکتاوی رەگەزی لە کەرکوك" و چەندین دۆسیەیی تر، کە لەنێویاندا هەریەك لە دۆسیەیی " بارزانیەکان، ئەنفال، فەیلی، هەڵەبجە، پشدەرو سەید سادق" بە جینۆساید ناسێنراون و بڕیاری کۆتاییان لە بارەوە درا، وەك کۆمەڵکوژی گەلی کورد. (١)

---

١ - رێبوار رەزمەزان عەبدوڵا، جینۆسایدکردنی بارزانیەکان لە سەدەی بیستەمدا، هەولێر، ٢٠١١، چاپی یەکەم، ل٢٤٩

## باسی سێیەم: جینۆسایدی هەڵەبجە

شاری هەڵەبجە یەکێکە لە قەزا دێرینەکانی باشووری کوردستان، و دەکەوێتە باشووری رۆژهەڵاتی عێراق و هاوکات هاوسنورە لەگەڵ دەوڵەتی ئێران. لەلایەکی تریشەوە "٨٤" هەشتاوچوار کیلۆمەتر لەپارێزگای سلێمانیەوە دوورە، هەروەك پێش بڕیاری بەپارێزگابوونی لە رووی ئیدارییەوە سەربەپارێزگای سلێمانی بوە.

بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٤٦ ژمارەی ماڵەکانی "٤٧٠" ماڵ بوەو ژمارەی دانیشتوانەکەی "٢٣٠٠" دووهەزارو سێسەد کەس بوە، لەسەرژمێری ساڵی ١٩٧٧ ژمارەی دانیشتوانەکەی بۆ "٩١٩٣٧" هەزار کەس بەرزبوەتەوە، بەسەرجەم شارۆچکەو گووندەکانی دەوروبەرییەوە.

جگە شارۆچکەکانی سەربەقەزاکە، "٢١٦" گوندی لەسەربوە. لەسەرژمێری ساڵی ١٩٨٧ بەساڵێك پێش جینۆسایدکردنی دانیشتوانی شارەکەو دەوربەری بەشارۆچکەو گوندەکانەوە گەشتوەتە "١١٥٥٤٠" سەدو پانزە هەزارو پێنج سەدو چل کەس.

لەساڵی ١٩٨٨ پێش کۆمەڵکوژی و کیمیابارانکردنی شارەکە لەو ژمارەیەیی سەرەوە تەنها "٧٠٠٠٠" هەزار کەس لەناو ناوەندی قەزاکە نیشتەجێبوون، واتە "٤٥٥٤٠" چل و پێنج هەزارو پێنج سەدو چل کەس لەو ژمارەیە لە شارۆچکەکانی خورماڵ و سیروان و تەواوی گوندەکانی دەورو بەری نیشتەجێبوون.

دوای راپەرینی ساڵی ١٩٩١ دانیشتوانی شاری هەڵەبجە دابەزی بۆ "٤٣٠٠" هەزار کەس، ئەمەش لەئاکامی رووخاندن و راگوێزانی گوندەکان و شارۆچکەکانی دەورو بەری و کیمیابارانکردنی. (١)

لەساڵی ١٩٩١ بۆ ئێستا ٢٠١٤ و دوای بڕیاری بەپارێزگابوونی شاری هەڵەبجە، کە هەریەك لە شارەکانی پێنجوێن و سەیدسادق و شارۆچکەکانی خورماڵ و سیروان و تەوێڵەو ژمارەیەکی زۆر گوندی دەکەوێتە سەر، سەرجەم ژمارەی دانیشتوانی سنووری ئیداری هەڵەبجە دەگاتە نزیکەی "٤٠٠" هەزار کەس. (٢)

---

١-تەها سلێمان، لە دادگای باڵای تاوانەکانەوە "دۆسیەی هەڵەبجە"، بەیروت ٢٠١٤، چاپی یەکەم، ل ٥

٢-هەمان سەرچاوە ل ٦، ٧

دوای ئەوەی حکومەتی عێراق بەفەرمانڕەوایەتی "بەعس"، ماوەی هەشت ساڵ دەبوو لەجەنگێکی کاولکەرو لەهەمانکاتدا، تاقەت پڕوکێن بوو لەگەڵ دەوڵەتی ئێران، ڕێك لەم کاتە، لەگەورەترین تاوانی دژ بەکوردو کوردستان و دانیشتوانی شاری هەڵەبجەو مرۆڤایەتی ئەنجامدا، ئەویش ئەوەبوو بە چەکی کیمیاوی و لە ڕێگەی فرۆکەی جەنگی و بۆمباری گەورەو موشەك و ناپاڵم، هێرشی کردە سەرشاری هەڵەبجە. هێرشەکە پێش نیوەڕۆی ١٦ـ ٣ـ ١٩٨٨ بە "هێزی ئاسمانی، موشەك، بۆمبای گەورە، ناپاڵم"دەستی پێکرد، کەشاری هەڵەبجەو دەوروبەریان گرتەوە، ئەم هێرشە بەتەواوی شارەکەو دانیشتوانەکەی سەغڵەت کردو بوە هۆکاری بلاّوکردنەوەی ترس و دڵە ڕاوکەیەکی زۆر لەنێوچین و توێژەکانی دانیشتوانی شارەکەو دەورو بەری(١).

پاش نیوەڕۆی هەمان ڕۆژ، بۆردوومانکردنێکی سەختی شارەکەی کرد، پاشان بەچەکی کیمیاوی هێرشی کردە سەرشارەکە لە جۆری چەکی کیمیاوی " سارین، خەردەل، تابوون" کەدواترو لەئاکامدا بوە هۆی گیان لەدەستدانی "٥٠٠٠" هەزار کەس لەدانیشتوانی سیڤیلی شارەکەو بریندارբوونی هەزارانی ترو ئاوارەبوونی ئەوانی تر کەلەپەراوێزی کیمیابارن و کۆمەڵکوژییەکە دەربازییان ببوو(٢).

دانیشتوانی هەڵەبجە ئەوانەی توانیان لەدەست هێرش و پەلامارەکەی "بەعس" ڕزگارییان بێت، بەناچاری پەنایان بردە بەر وڵاتی ئێران، ئێرانیش ڕۆڵێکی پۆزەتیفانەی بینی لەچارەسەرکردنی بەرکەوتوان و بریندارەکانی هێرشی کیمیاوی بۆسەرشاری هەڵەبجە. بەلاّم پاش ماوەیەك عێراق بڕیاری بەناو لێبوردنی دەرکرد، بۆ ئەوانەی کە لەکاتی هێرش و پەلاماری سەرشارەکەو کیمیابارانکردنی دەربازی ئێران ببوون، لەگەڵ هاتنەوەی بەشێك لەو خانەوادانە ڕاستەوخۆ لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە بۆ هەتایی بێسەرو شوێن کران، بەڵگەیەکی ڕوون لەم بارەوە هەیە کە ئەویش ئەوەیە کاتێك دوای ئەنجامدانی هەشت شالاّوەکەی ئەنفال "جینۆساید" کە دوای کیمیابارانکردنی هەڵەبجە ئەنجام درا، بەشێك لە پیرو پەککەوتەکان برانە زیندانی نوگرە سەلمان، دواتر بەبڕیارێکی بەعس هاتنەوە، دەگێڕنەوە کە گەیەنراونەتە ئەوێ لەسەر دیواری هۆڵەکانی ئەو قەلاّیەیی تیای بەند کرابوون، دەیان ناو ناونیشان و یادەوەری هەڵەبجەییەکانی پێوە بوە، ئەمەش سەلێنەری ڕاستی جارێکی تر کۆمەڵکوژکردنی ئەو هەڵەبجەیانەیە کە بەبڕیاری لێبوردنی بەعس دوای دەربازبوونیان لە کاتی کیمیابارانکردنی شارەکەیان دەربازببوون، هاتنەوەو بڕیارەکەش تەنها بە ئامانجی لەنێوبردنیان بوو. (٣)

١-دکتور سالار باسیرة، حلبجة والأنفال وصمتا عار جبن الأنسانية، مجلة "الأنفال"، عدد "٦" "١٧" سنة ٢٠٠٥ ص ١٧ -٤

٢-کامل عبدلقادر ویس، الیوم الذی سلبومنی کل شی ء !، سلێمانی، ٢٠١٣، ل ١٧

٣-تەها سلێمان، جینۆسایدی گەلی کورد" پشکنین، ئامارو زانیاری، دێکۆمێنت"،سلێمانی ٢٠١٤، سلێمانی، ل٤٠ـ٤٣

## باسی چوارەم : جینۆسایدی قەلادزێ

لەبۆردوومانی حکومەتی عێراقی و رژێمی بەعس لەساڵی ١٩٧٤ و ئەنجامدانی کۆمەڵکوژی لەشارەکەدا، "٩٢" هاولاتی سیڤیل کۆمەڵکوژ دەکرێن و دەبنە قوربانی، کەئەمەی خوارەوە ناوی تەواوی قوربانییەکانە: فەخرییە میرزا حسن جعفر، سالح احمد سابیر، کەژاڵ احمد سابیر، سلام احمد سابیر، رزگار احمد سابیر، عبدلجبار احمد سابیر، بەختیار ئەحمد سابیر، جوانە احمد سابیر، شەهلا احمد سابیر، بەدرییە محمد خدر، شوکریە رسوڵ احمد، رزگار رسوڵ احمد، بێگەرد رسوڵ احمد، وشیار رسوڵ احمد، نەغدە رسوڵ احمد، شنۆ رسوڵ احمد، گوڵەباخ حسن حاجی محمود، ئومێد غەریب محمد لمین، ئامانج غەریب محمد لمین، ئاری غەریب محمد لمین، پەرژین احمد خدر، جوان رزاق رشید احمد، نیان رزاق رشید احمد، بۆتان رزاق رشید احمد، ئالان رزاق رشید احمد، بەهێ رحمان اسعد، سۆران زاهیر تۆفیق، سنەوبەر زاهیر تۆفیق، سروە زاهیر تۆفیق، رووناك اسماعیل محمد، ئالان جمال کابان، سۆزان جمال کابان، ئاریان جمال کابان، حمە سالح سام سام، هیوا غەفور، بورهان عبداللە شاسوار، سەروەر علی قادر، ئازاد حسین احمد، عمر مەجید، سۆران محمد سەڵتە، سمکۆ محمد سلمی، سفینە محمد امین، گوڵزار محمد رسوڵ، عەبدالخالق، کوڕێك ناوی نەزانراوە، دلێر ئەتروشی، پەرژین باقی، ئامانج قادر احمد، قمریە قادر احمد، نەرمین باقی، محمد احمد حسن، سعدیە حمە سعید، عباس رسوڵ حمە، محمد علی بابکر، جمال احمد رسوڵ، گەلاوێژ احمد رسوڵ، بەهار سلیم رسوڵ، ناسك سلیم رسوڵ، بەختیار سلیم رسوڵ، جمال حمە علی، ئەمیر رەئوف، مام فەتاح، قوباد حسن حاجی محمود، پێشرەو زاهر رشید، کلی حمد علی، رحمان حمد رحمان، پیرۆز رحیم عوسمان، دانا فەتحی کریم، ئەحمەد ئیسماعیل ئاڵا، فەقێ عبداللە محمد، ئازاد احمد حسن، ئامان عمر داود، اسماعیل احمد عبداللە، حسن محمد غەفور، بابکر عبداللە محمد، زارا محمود عبداللە، شەونم حاجی فەقێ، عائیشە حمەلاو احمد، رسوڵ حمد، ئیرەج احمد، ئامان رشید، احمد عبداللە احمد، احمد اسماعیل ،حسن میرزا دڵشاد، حمد احمد حسن، فەتاح قادر احمد، قادر عبداللە، عبدالقادر مەحمود همزە، دلێر تۆفیق مەجید، محمد هۆمەر کوڕ، حسێم مەحمود هۆمەر". دوای وەستانی جەنگی نێوان "عێراق – ئێران" لە ١٩٨٨/٨/٨ رژێمی بەعس لە ١٩٨٩/٦/٢٠ وە دەستیکرد بەڕاگواستنی شاری قەڵادزی و تەواوی ناوچەی"پشدەر" بۆ ئۆردوگاکانی خۆرئاوای پارێزگای هەولێرو خۆرئاوای سلێمانی، کەدوای چۆڵکردنی شارەکەو ناوچەکە لە هاوڵاتیان بەبەکارهێنانی ماددەی(TNT) سەرجەم خانوبەرەو قوتابخانەو مزگەوتەکانی شارو ناوچەکە تەقێنرانەوەو خاپورکران. (١)

---

١- تەها سلێمان، لەدادگای باڵای تاوانەکانەوە "دۆسیەی ئەنفال"، ل ٣٣

ناوچەکەش بە "خاکی حەرام و قەدەغە کراو" دانراو هیچ کەس لە خەڵکی ناوچەکە بۆی نەبوو بەسەردانی کاتیش بچێتە ناوچەکەو ئەگەر بەقاچاخیش بڕۆشتایە، لەلایەن سوپای عێراقی و دەزگا ئەم نییەکانیەوە دەستگیربکرایە بێ سەرو شوێن دەکرا.

ئەم ئامارانەی خوارەوە لە نێوان ساڵی "١٩٧٧ بۆ ١٩٨٩ "دەتوانێ بمانگەیەنێتە بەردەم چەردەیەك زانیاری درووست و پشتڕاستکراو، سەبارەت بەجینۆسایدی شاری قەڵادزێ و تەواوی ناوچەی پشدەر.

ڕاگوێزانی "١٣" ی سنووری شارۆچکەی چوارقوڕنە بۆ نێو ئۆردوگاکە، ڕاگوێزانی "٩" گووندو دانیشتوانەکەی بۆ ئۆردوگای زۆرەملێی کۆمتان، ڕاگوێزانی "٤" گووندو دانیشتوانەکەی بۆ ئۆردوگای زۆرەملێی ئێنزێ، ڕاگوێزانی "٤٣" گووندو تەواوی دانیشتوانەکەی بۆ ئۆردوگای زۆرە ملێی بەستەستێن، ڕاگوێزانی "١٧" گووند بۆ ئۆردوگای زۆرە ملێی توە سوران، ڕاگوێزانی " ٢٧" و دانیشتوانەکەی بۆ ئۆردوگای زۆرەملێی پێماڵك، ڕاگوێزانی "١٢" گووندو تەواوی دانیشتوانەکەی بۆ ئۆردووگای زۆرە ملێی ژاراوە. (١)

واتە کۆی گشتی "١٢٥" لەسنووری شاری قەڵادزێ و ناوچەی پشدەر، لەشوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان بەتۆبزی هەڵکەندراون و دابەشکراون بەسەر کۆمەڵکێك ئۆردوگای زۆرە ملێدا، کەکەمترین پیچداویستییەکانی ژیانی تێدا مەیسەرو دەستەبەر نەبوە.

---

١- تەها سلێمان، لەدادگای باڵای تاوانەکانەوە "دۆسیەی ئەنفال"، ل٣٤، ٣٥

**باسی پێنجەم: جینۆسایدی سەید سادق**

قەزای سەیدسادق لەڕووی جوکرافییەوە دەکەویتە رۆژهەلاتی پارێزگای سلیمانی، بەدووری "٥٣" کیلۆمەتر لە ناوەندی پاریزگای سلیمانییەوە، یەکێکە لە قەزا گەورەکانی پارێزگای سلێمانی کە ژمارەی دانیشتوانەکەی زیاتر لە ٩٣٠٠٠ هاولاتی دەبیت، هەروەها دەکەوێتە ناوەندی قەزاکانی (پینجوین، هەڵەبجەی تازە، هەڵەبجەی شەهید)، وەك دانیشتوانی قەزاکە بەشێکیان گوزارشتی لێدەکەن، بە پایتەختی شارەزوور ناوی دەبەن. لە رووی میژووییەوە سەید سادق لە "٢٢ " ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٥ بە بڕیاری ئەوکاتەی حکومەتی عێراق کراوە بە ناحیە، بە ناوی "ناحیەی شارەزوور" وە، لە بەرواری ٢٠٠٧/٢/٢٢ بە بڕیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە بە قەزا .

لە مێژووی دوورو نزیکی سنووری قەزای "سەید سادق" دا، چەندین جار روو بەڕووی تاوان و ستەملێکردن بوەتەوە، بەلگەنامەو دیکێومەتەکان ئەوە پشت راست دەکەنەوە، جۆری ئەو تاوانانەی کە دەرهەق بە "سەیدسادق" و دانیشتوانەی  ئەنجام دراوە، تاوانی "قڕکردنی بەکۆمەڵ،  تاوانی دژ بە مرۆفایەتی، تاوانی جینۆساید" بوون.

بۆ ساغ کردنەوەو ناساندنی راستێنەی ئەو تاوانانەی سەرەوە، هاولاتیان و پارێزەران و یاساناسانی سەیدسادق لە بەرواری ٢٠٠٩/٣/١٣لە رێگەی داواکاری گشتی بەغدادەوە سکالایان تۆمارکرد لەسەر ئەو تۆمەتبارانەی کە دەستیان هەبوو لە ڕووخاندن و ڕاگواستنی "سەیدسادق"، هەمان ئەو تۆمەتبارانە بوون کە دەستیان هەبوو لە جینۆسایدو ئەنفالکردنی ناوچەکانی گەرمیان، ئەم سکالایەش بە پشت بەستن بە یاسای ژمارە "١٠" ی ساڵی ٢٠٠٥، بە پێی مادەکانی "١١,١٢" لە یاسای دادگای بالای تاوانەکانی عیراق، کە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجومەنی نیشتمانی ئەوکاتەی عێراق ئەم یاسایە دەرکرا.

---

[١]-تەها سلێمان، جینۆسایدی گەلی کورد،" پشکنین، ئامارو زانیاری، دێکۆمێنت"  ل ٧١_٧٢

٢- چاوپێکەوتن لە گەڵ نووسەرو رۆژنامەنووس "هادی کوڵکنی" ١٨_١_٢٠١٥

## باسی شەشەم: جینۆسایدی ١٩٨٨ ئەنفال

شاڵاوی ئەنفال کە بەهەشت قۆناغی یەك لەدوای یەك لەساڵی ١٩٨٨ لەلایەن رژێمی بەعس لەعێراق دژبەگەلی کورد لە سەرخاك و زێدی خۆی ئەنجامدرا، تیایدا جگەلەسووتاندنی خاك و تێکدانی ژینگەو خاپوورکردنی "٥٠٠٠" هەزار گووند، بەتاڵانبردنی سامانێکی زۆری هاوڵاتیانی سیڤیل، "١٨٢" هەزاری مرۆڤی لەژن و منال و پیرو پەککەوتەو گەنج، بێسەرو شوێن کردو زیندەبەچاڵی کردن. پێش باسکردن لە قۆناغەکانی شاڵاوی ئەنفال، وەك کردەی جینۆسایکردنی گەلی کورد، باشترین بەڵگە بیرخستنەوەی بڕیارە ترسناکەکەی "عەلی حەسەن مەجید"ە.

### **بڕیارە ترسناکەکەی "عەلی حەسەن مەجید."**

کاتێك بەفەرمانێکی کۆماری ژمارە"١٦٠" کە لە پاشکۆی بەڵگەنامەکاندا دامان ناوە، لەلایەن کەسی یەکەمی دەوڵەت و بەعس "سەدام حوسێن"، "عەلی حەسەن مەجید" لەکەسە هەرەنزیکەکانی بنەماڵەکەی، دەکرێتە بەرپرسی سەربازی و ئیداری و ئەمنی و هەواڵگری و حزبی یەکەم لەهەرێمی کوردستان، و دەسترۆشتوو پێدەدرێ، یەکەم بڕیار کەدەری دەکات، ترسناکترین بڕیارەو دەتوانرێ بە مانیڤیستۆی جینۆسایدی گەلی کورد ناو زەدبکرێ، ئەمەی خوارەوە دەقی بڕیارەکەی "عەلی حەسەن مەجید"ە .

بڕیاری ٤٠٠٨

ژمارە ٢٨/٤٠٠٨

بەروار ٢٠_٦_١٩٨٧

لە سەرکردایەتی نوسینگەی سکرتارییەتی رێکخستنی باکورەوە

بۆ/ قیادەی فەیلەقی یەك، قیادەی فەیلەقی دوو، قیادەی فەیلەقی پێنج

لەبەر ئەوەی ماوەی رەسمی بۆ کۆکردنەوەی ئەو گووندانە لە بەرواری ٢١ی حوزەیران -١٩٨٧ کۆتایهاتوە، بڕیارماندا لە رۆژی ٢٢ی حوزەیرانی ١٩٨٧ دەستبەکاربین بەم شێوەیەیی خوارەوە:

-1هەموو گووندەکان لەمەودوا بە ناوچەی قەدەغەکراو دادەنرێن لە رووی ئەمنییەوە، کە هەتا ئێستا شوێنی بە کرێگیراوی ئێران و تێکدەران و خائین زادەو نموونەکانیانن کە خیانەتکارانی عێراقن.

-2بە تەواوی قەدەغەیە خەڵك و ئاژەڵی تێدا بمێنێت، ئەم ناوچانە بە ناوچەی قەدەغەکراو دادەنرێن و تەقەکردن تیایاندا ئازادە بێ مەرج و بێتەعلیمات، مەگەر تەعلیماتی تر دەربچێت لە لایەن بارەگاکەمانەوە.

-3هاتوچۆ لەوێوە بۆ ئێرەو لێرەوە بۆ ئەوێ یان کشت و کاڵ و تۆوکردن و پیشەسازی و ئاژەڵداری قەدەغەن و لە سەردەزگا پەیوەندیدارەکان پێویستە بە دواداچوونی جددییان لەم بارەوە هەبێت و هەریەکەو بە پێی تایبەتمەندی خۆی.

-4سەرۆکایەتی فەیلەقەکان لێدانی تایبەت ئامادەبکەن، ناو بەناو بە تۆپ و فڕۆکەو سەمتی و کۆپتەر لە هەموو کاتێکدا بە شەوو بە ڕۆژ بخەنکار بۆ کوشتنی گەورەترین ژمارە لەو کەسانەی کە لە شوێنە قەدەغەکراوەکاندان و ئاگادارمان بکەنەوە.

-5حجزکردنی هەموو ئەو کەسانەی کە دەستگیردەکرێن لە گوندەکانی ئەو ناوچانە، لێکۆڵینەوەیان لە گەڵ دەکرێت لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوەو حوکمی سێدارەیان بەسەردا جێبەجێدەکرێت، ئەوانەی کە تەمەنیان لە ١٥ ساڵ زیاترە هەتا ٧ ساڵ، دوای سوود وەرگرتن لەو زانیاریانەی پێیەتی وە ئاگادارمان بکەنەوە.

-6دەزگا پەیوەندیدارەکان هەڵدەستن بە لێکۆڵینەوە لە گەڵ ئەوانەی خۆیان بە دەستەوە دەدەن لە دەزگا حکومییەکان و حزبییەکاندا بۆ ماوەیەك کە ئەو پەڕی ٣ هەتا ١ ڕۆژبێت، دەبێت لەو حاڵەتانە ئاگادار بکرێینەوە، ئەگەر ماوەکە پێویستی کرد لەو ماوەیە زیادبکرێت ئەوا دەبێت بە تەلەفۆن یان برووسکە ڕەزامەندی ئێمە وەربگرن، لە ڕێی هەڤاڵ "تاهر ئەلعانی" یەوە.

-7هەموو ئەو شت و مەکانەی کەوا فەوجەکانی دیفاع وەتەنی و جەنگاوەرەکانیان دەستیان دەکەوێت بۆ خۆیان دەبێت تەنها چەکە قورسەکان و چەکی ئەسنادو چەکی مام ناوەندی نەبێت چەکە سووکەکان بۆخۆیان دەبێت، ئێمەی لێئاگادار بکەنەوەو تەنها ژمارەکانیان تۆمار بکەن. پێویستە لە سەر فەرماندەی جەحافلەکان چالاك بن بۆ ئاگادارکردنەوەی هەموو مووستەشارەکان و فەرماندەی سرییەکانیان و مەفرەزەکانیان، وە بەوردی ئێمە ئاگادار بکرێینەوە لە چالاکییەکانی فەوجەکانی دیفاع وەتەنی. سەرۆکایەتی مەجلیسی تەشریعی، سەرۆکایەتی مەجلیسی تەنفیزی، دەزگای زانیاری، سەرۆکایەتی ئەرکانی سووپا، پارێزگارەکان، سەرۆکەکانی لیژنە ئەمنییەکان "نەینەوا، دیالە، سەلاحەدین، سلێمانی، ئەربیل، دهۆك، ڕازگری لقەکانی ئەو پارێزگایانەی کە لەسەرەوە ناویان هاتوە، بەڕێوەبەرایەتی هەولگری گشتی سەربازی گشتی، بەڕێوەرایەتی ئەمنی گشتی، بەڕێوەبەری ئەمنی ناوچەی حکومی

زاتی، بەڕێوەبەری ئەمنی پارێزگاکانی "نەینەوا، تەئمیم، دیالە، سەلاحەدین، سلێمانی، ئەربیل، دهۆك". تکایە بۆ تێڕوانین و جێبەجێکردن هەرکەسەو بە پێی تایبەتمەندێتی خۆی .

ئاگادارمان بکەنەوە (١)

ئیمزا

عەلی حەسەن مەجید

ئەندامی سەرکردایەتی هەرێمایەتی

سەرکردایەتی نوسینگەی ڕێکخستنی باکوور

## مێژووی ئە نجامدانی شالاوەکانی ئەنفال "جینۆساید"

لەو هەشت قۆناغەی شالاوەکانی جینۆسایدی کورد لە ساڵی ١٩٨٨ کەبەئەنفال ناوزەد کرا، لەلایەن رژێمی "بەعس"وە، یەکە سەربازییەکان و دەزگای هەوالگری سەربازی و مەدەنی و حزبی، هێزە ئاسمانیەکان، هێزە زەمینەکان، دەزگاکانی حزبی بەعس، دەزگا ئەمنیەکان، و تەواوی ئەودەزگایانەی پەیوەندییان بەدەوڵەتی عێراق و حزبی "بەعس"وە هەبوو، بەشدارییان کرد. بەپێی بەڵگەنامە فەرمییەکانی دەوڵەتی عێراق و میدیاکانی نووسراوو بینراوو بیستراوی ئەوکات لە ١٩٨٨، قۆناغەکانی هەرهەشت شالاوەکە بەم شێوەی خوارەوە پۆلێن کراوە:

---

١- عومەر مەحمەد، پەلامارە سەربازییەکانی ئەنفال لە هەشت قۆناغدا، سلێمانی ٢٠١٣، ل ١٨_١١٩

**ئەنفالی یەکەم "شالأوی یەکەمی جینۆساید :"**

سەرگەڵوو بەرگەڵوو ٢٢ی شوبات تا ١٩ی مارتی ١٩٨٨، ناوچەکانی دۆڵی جافایەتی و سەرگەڵ و بەرگەڵو دەگریتەوە، ئامانج لەیەکەم هەنگاوەکانی شالأوەکە، ئەوەبوو زیانێکی گەورە بە هێزی پێشمەرگەی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد بگەیەنێ و برِستی ئەوەی لەبەر ببرِێ کە بتوانێ داکۆکی لە چین و توێژەکانی دانیشتوانی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بکات، قۆناغەکانی دوای قۆناغی شالأوی یەکەم، لەلایەکی تریش پەیوەندی نێوان بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی و هێزی پێشمەرگەو خەڵکیش ببچرِێنێ، رێك واش دەرچوو بەشێك لە ئامانجەکەی لەو مەبەستەی سەرەوە هاتەدی، لەلایەك زەبرێکی کوشندەی لەهێزی پێشمەرگە وەشاندو لەلایەکی تریشپەیوەندی نێوان بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی و هێزی پێشمەرگەی تووشی لەبەریەك هەڵوەشانەوە کرد .(١)

**ئەنفالی دووەم : "شالأوی دووەمی جینۆساید"**

قەرەداغ ٢٢ی مارت تا١ی نیسانی ١٩٨٨، واتە لە ٢٢ی مارت "ئازار" تا ١ی نیسان شالأوی یەکەم دەستی پێکردو ناوچەکانی "بازیان" لەسنووری قەزای چەمچەماڵ و قەرەداغ لەسنووری پارێزگای سلێمانی گرتوە. شوێن و جێگای سەرەکی شالأوەکە "قەرەداغ" بوو، ئەو هاولأتیانەی لە شالأوی ئەنفالی دووەم " جینۆ سایدی دووەم" بەرەو سلێمانی هەلأتن، بەشێکیان رزگارییان بوو، بەلأم ئەوانەی بەرەو سنووری گەرمیانی پارێزگای کەرکوك هاتن هەموویان بێسەرو شوێن کران. من خۆم ئەوکاتە تەمەنم ١٦ سالأن بوو، مالّمان لەنزیك لیوایەکی سەربازی بوو، کەبەلیواکەی "بارق" مەبەست لە"بارق عەبدولأ حنتە"ی ئامرلیوایە، ناسرا بوو، تەواوی ئەوانەی گەشتنە شاری "کەلار-گەرمیان" راستەوخۆ دەست بەسەرکران و دوای دوو رۆژ بێسەرو شوێن کران. (١)

**ئەنفالی سێیەم : "شالأوی سێیەمی جینۆساید"**

لە ٧تا ٢٠ی نیسانی ١٩٨٨ دەستی پێکرد، ئەم قۆناغەی شالأوی ئەنفال " شالأوی جێنۆسایدی سێیەم، بەسەختترین و بەرفراوانترین شالأوەکان دادەنرێ و زۆرترین هێزی سەربازی و ئەمنی و جاش و موستەشار، بەشدارییان تێکرد. شوێنی ئەنجامدانی شالأوەکە دەشتێکی پان و بەرینە لەبەشی باشووری کوردستانی عێراقدایە.

---

١-عارف قوربانی، شایەتحاڵەکانی ئەنفال، سلێمانی ٢٠٠٢، چاپی یەکەم، ل ٢٦

سنووری جوگرافی ئەم ناوچەیە لەلای باکوورەوە ڕێگای سەرەکی نێوان "کەرکوك – چەمچەماڵ"ەو لای ڕۆژئاواشەوە ڕێگای سەرەکی "کەرکوك – خوورماتوە"و لای باشوریشی " هەرسێ ڕێگای شارەکانی "کەلار- کفری- باوەنور"ەو لای ڕۆژهەلاتیشەوە "زنجیرە چیاکانی قەرەداغ"ە. لەم پانتاییە جوگرافیەدا چەندین شارو دەیان شارۆچکەو هەزاران گوندی لێیەو شارۆچکەی قادر کەرم دەبێتە ناوەندی سەرەکی ئەم ناوچەیە. لەم قۆناغەدا، زۆرترین خەڵك دەستگیرکران و بێسەرو شوێن کران. وەك لە پێناسەی قۆناغی دووەمی شاڵاوی ئەنفال " جینۆساید" ووتم، تەمەنم "١٦" ساڵان بوو، بەهارێکی باراناوی بوو، هەواڵ هات بۆشار کەبەهەزاران کەس لە گوندی "ملە سورە" لەسەرجەم گوندەکانی ناوچەکەوە هاتوون و لەوێ کۆبوونەتەوە، دوای "٢" ڕۆژ کەمتر ئەوەی تەراکتۆری هەبوو بەتەراکتۆری خۆی و ئەوەی نەیبوو بەپێ و بەکەرو ولاخ، دواتر لەنزیك گووندی "حەسیرە" بە ئۆتۆمبێلی سەربازی ڕژێم بە ڕەتلی گەورە گەورە گوێزرانەوە بۆ قەلای قۆرەتوو، ئێمە لەناو شاری کەلار لەدرزی ستارەی ماڵەکانەوە تەماشایانمان دەکرد، چونکە جگەلەپاسەوانییەکی توونت، سەر هەموو ڕێگاکان بە سەربازو هێزی جۆراو جۆر کۆنترۆڵ کرابوو، ئەمە جگەلە قۆڵەکانی "چەمچەماڵ – قادر کەرەم" و " نەیجوڵ – خورماتوو" و "شێخ تەویل – باوەنوور" و" سەرقەڵا- کفری" و " گوندی قوریچایی – کفری" و " سەنگاو – دەربەندیخان" کە بەهەزاران خێزان لەو قۆڵانە دەکەتنە بەردەستی ڕژێم و ئەویش لە خێراترین شاڵاودا بێسەرو شوێنی دەکردن .(٢)

**قۆناغی چوارەم: "شاڵاوی چوارەمی جینۆساید"**

ئەم شاڵاوە لە ٣ی مایس تا ٨ی ١٩٨٨ دەستی پێکرد، بەشێکی بەرچاو لەسنووری پارێزگای کەرکوکی گرتەوە، لەسنوورەکانی شارۆچکەکانی " تەق تەق، ئاغجەلەر، شوان، قەرەهەنجیر" و بەشێکی زۆر لە سنووری نێوان هەردوو شاری "کۆیەو چەمچەماڵ ."لەم شاڵاوەدا، بەسەدان گوند بەرکەوتن و بەهەزاران کەس بێسەرو شوێن کران. نووسەر "مەلا شاخی" لە کتێبی " ئەنفالی خاڵخاڵان" تەواوی ئەوانەی بێسەرو شوێن و جینۆساید کراون لەشاڵاوی ئەنفالی چوار " شاڵاوی چوارەمی جینۆساید" بە پشت بەستن بەسەرژمێری و بەڵگەنامەکان، بە زیاتر لە " ٣٧٧٥" سێ هەزارو حەوت سەدو حەفتاو پێنج هاوڵاتی کورد، لەژن و مناڵ و پیرو پەککەوتە، مەزەندە دەکات و لیستێکی دوورو درێژی ناوی قوربانییەکانیشی تۆمار کردوە .(١)

---

[١] -تەها سلێمان، لە پەراوێزی ئەنفالدا، بەرگی دووەم، سلێمانی، ٢٠٠٣، چاپی یەکەم، ل ٤٧

## ئەنفالی ٥ و ٦ و ٧ "شالأوی پێنج و شەش و حەوت جینۆساید "

ئەم شالأوانە لە ١٥ی حوزەیران تا ٢٦ی ئابی ١٩٨٨ خایاند، تیایدا ناوچەکانی "بالیسان و هیران و نازەنین و شەقلاوە و خۆشناوەتی و رەواندوزو چۆمان و سۆران"ی گرتەوە، چەندین شالأوی دوورو درێژی تێکەوت و بەهۆی سەختی و چڕی ناوچەکەوە، رژێم نەیدەتوانی بەئاسانی کۆنترۆڵی ناوچەکە بکات، ئەگەرچی لەشالأوەکانی پێشووتر پشتیوانی و پشتگیری لە هێزی پێشمەرگە بڕیبوو، بەلأم بەهۆی سەختی ناوچەکە هەم پێشمەرگە دەیتوانی بەرگری بکات و هەمیش خەلك دەیتوانی لەچنگی هێزە پەلاماردەرەکانی رژێم خۆی قوتاربکات، کەچی هێشتاش بەهەزاران خەڵکی گرت و بێسەرو شوێنی کردن .(١)

## ئەنفالی هەشت " شالأوی هەشتەمی جینۆساید "

سەرەتای ئەم شالأوەی ئەنفال و جینۆساید، لە ٢٦ی ئابی ١٩٨٨ دەستی پێکردو لە ٦ی ئەیلولی ١٩٨٨ کۆتایی پێهات. شوێن و پێگەی جوگرافی ئەم شالأوو پەلامارە تەواوی ناوچەی بادینان و دەوروو بەری گرتەوە، لەهەمانکاتدا بەشێك لەسنوورەکانی پارێزگای دهۆك و دەوڵەتی تورکیاو ئێرانی گرتەوە. لەم شالأوەدا، زیاتر لە " ١٦٣" بەر پەلامارەکە کەوتن، تەنها ئەو خەڵکانە رزگارییان بوو، کە ئاودیوی سنووری تورکیا بوون، ئەوانی تر کە دەستگیرکران، وەك تەواوی خەڵکەکەی تر کەلە "٧" شالأوەکەی پێشوو گیرابوون و کۆمەڵکوژو بێسەرو شوێن کران، ئەمانیش چارەنووسیان هەروابوو .(٢)

ئەم شالأوەی جینۆساید، لەکاتێکدا ئەنجامدرا شەڕی نێوان " عێراق- ئێران" کۆتایی پێهاتبوو، رژێمی بەعس خۆی ناوی لێنا "خاتمە الانفال"، بەلأم خۆی لەڕاستیدا وانیەو پێچەوانەکەی راستە، بەڵکو لەدوای ئەم شالأوە "شالأوی هەشتەمی جینۆساید"، چەندین شێوازی تری جینۆسایدکردن دەست پێدەکات، هەروەك کوشتن و بێسەرو شوێنکردن و برسیکردن و بێکارکردن و ئاخنین لە ئۆردوگاو زۆر شێوازی تر جینۆسایدکردن.(٣)

---

١-فاتح محمد سليمان،عمليات الأنفال في كوردستان العراق،كركوك، ٢٠١٠، ل ٨٩-١٢٢

٢-جینۆساید لە عێراقدا، پەلاماری ئەنفال بۆ سەرکورد، وەرگێڕانی لە ئنگلیزیەوە مەحمەد حمە ساڵەح تۆفیق، سلێمانی ٢٠١٣ ل١٥٩

٣- هەمان سەرچاوە لاپەڕەکانی "، ١٨٢، ١٩٧، ٢٤٣، ٢٧١"

# بەشی سێیەم

# دۆسیەی تاوانەکان لەدادگای باڵای تاوانەکان لەعێراق

## باسی یەکەم: تـاوانی جینۆسایدی فەیلییەکان

پاش کۆکردنەوەو ئامادەکردنی بەڵگەنامەو دیکۆمێنتە پێویستەکانی جینۆسایدی کوردی فەیلی لـەوای سـاڵی ٢٠٠٣ و رووخانی رژێمی دکتـاتۆری بـەعس، دۆسـیەکە گەیەنرایـە دادگـای بـاڵای تاوانـەکانی عێـراق، دادوەری لێکۆڵینـەوەو داواکاری گشتی و دەستەی پارێزەرانی بەرگریکار لە دۆسیەکە دیاریکران، پـاش چـەندین دانیشـتن و لێکۆڵینـەوە لـە پەڕاوەکان و گوێگرتن لە سکاڵاکارو شاهێدحاڵەکان. یەکەم دانیشتنی دۆسیەکە لە ٢٦-١-٢٠٠٩ بە رێوەچوو، زیـاتر لە "١٠٠" سکاڵاکارو شاهیدحاڵ ووتەیان ئامادەی دادگا بوون و ئەوەی بینیبویان بۆ دادگایان گێڕایەوە.
لە لە ٢٩-١١-٢٠١١ لە دانیشتنی کۆتایی خۆیدا، کە چل و چوارەمین دانیشتن بوو، دادگا بڕیـاری کۆتـایی خۆیـدا، کە کوردی فەیلی لەلایەن دەسلاّتدارانی عێراق و حزبی بەعسی فەرمانڕەوای عێراقەوە جینۆسایدکراوە. (١)

---

١-تەها سلێمان، "لەدادگای باڵای تاوانەکانەوە "دۆسیەی فەیلییەکان"، ل ١١٤، ١١٥، ١١٦، ١١٧، ١١٨، ١١٩، ١٢٠

## باسی دووەم: تاوانی جینۆسایدی بەرزانیەکان

پاش ئەوەی هەموو پێداویستیەکانی دۆسیەیی کۆمەڵکوژی و ئەنفالکردنی بارزانییەکان، لە بەڵگەنامەو ووتەی شاهیدحاڵەکان، لەلایەن نوسینگەی هەرێمی کوردستانی دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق " دادوەری لێکۆڵینەوە"، ئامادەکران و لە مانگی ٥/ ٢٠٠٨ بڕیاری ئاراستە کردنی بۆ دادگای باڵای تاوانەکان دراو لە رۆژی ٢٠٠٨/٨/٢ دۆسیەکە گەیشتە دادگا، کۆی دانیشتنەکانی داگا لە سەر دۆسیەکە زیاتر "٤٠" دانیشتن بوو، کە تەواوی سکاڵاکارو شاهیدحاڵەکان ئامادەبوون و کۆی ئەو بەڵگانەشی لە بەردەست بوون خرانە روو.

لیستی ناوی تۆمەتبارەکان لە دۆسیەیی کۆمەڵکوژی بارزانییەکان ئەمانەی خوارەوە بوون " عەلی حەسەن مەجید ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، تاریق عەزیز ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش، سەعدون شاکر وەزیری ناوخۆی حکومەتی عێراق، وەتبان ئیبراهیم حەسەن سکرتێری لیژنەی کاروباری باشوور، سفیان ماهر حەسەن ئەفسەری لیوای گاردی کۆماری، حامد یوسف حەمادی سکرتێری سەرۆك کۆماری عێراق، حکمەت مزبان ئیبراهیم وەزیری دارایی و جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی عێراق".

لە رۆژی ٢٠١١/٥/٣ دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق، لیژنەیەکی لە کۆمەڵێك دادوەری شارەزاو پسپۆر بە سەرۆکایەتی دادوەر " ئاسۆ مەحمەد سۆفی" و ئەندامێتی هەریەك لە دادوەران " عەبد کازم حسێن شێخ، جبار دشر عتێوی، ئەفراسیاب ئیبراهیم، جەلیل عەباس عەلی" بۆ بەرێوەبردنی رەوتی دادگایی کردنەکان لە سەر دۆسیەیی کۆمەڵکوژی بارزانییەکان دروست کردو پاش چەندین چەندین دانیشتن و پشکنینی دۆسیەکەو تەواوی بەڵگەنامەکان، بڕیاری بە جینۆسایدناساندنی کۆمەڵکوژی و ئەنفالکردنی بارزانییەکانی دەرکرد. (١)

---

١-تەها سلێمان، لەدادگای باڵای تاوانەکانەوە "دۆسیەی بەرزانیەکان"، ل ٦٤، ٦٥، ٦٦، ٦٧، ٦٨، ٦٩

## باسی سێیەم: تاوانی جینۆسایدی هەڵەبجە

دۆسیەی هەڵەبجە لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، بەیەکێك لە دۆسیە گرنگ و هەستیارەکانی گەلی کورد لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ ئەژماردەکرێ و یەکێك لە جومگە سەرەکیەکانی پێکهاتەکانی جینۆسایدکردنی گەلی کورد لە باشووری کوردستان. لە دوای ساڵی ٢٠٠٣ کاتێك بە چەند قۆناغێك سەرەتا لە بەر رۆشنایی یاسای کاتی بەڕێوەبردنی دەوڵەتی عێراقی و دواتریش دەستووری هەمیشەیی عێراق کە دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق دامەزرا، لە نێو دۆسیەکانی کۆمەڵکوژی "جینۆساید"ی گەلی کورد، یەکێك بوو لە دۆسیە جێی بایەخەکان. وەك ژێدەرو سەرچاوەگەلێك ئاماژەی بۆ دەکەن، سەرەتای کارکردن لە دۆسیەکە دەگەڕێتەوە بۆ کۆکردنەوەی بەڵگەنامەو زانیارییەکان، لە بەڵگەنامەی "نوسراو، زانیاری پشتڕاستکراو، کاسێتی دەنگی و تۆمارکراو، سکاڵاکارو شاهێدحاڵەکان، ئیفادەی تۆمەتبارەکان"، پاش ئەوەی هەموو ئەوانە کۆکرانەوەو روکن و جومگە سەرەکیەکانی دۆسیەکەیان پێکهێناو لە ساڵی ٢٠٠٨ دۆسیەی هەڵەبجە بە تەواوی گەیەنرایە دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق، لە ساڵی ٢٠٠٨ یەکەم دانیشتنی دادگا دەستی پێکرد، کە تا کۆتایی چەندین دانیشتنی بەخۆیەوە بینی و سەرەنجام لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٠ دۆسیەکە گرەوی ئەوەی بردەوە کە یەکێکە لە تاوانەکانی جینۆساید دژ بە گەلی کورد.(١)

---

١-بكر حمة سديق عارف، حلبجة فى مواجهة سموم الموت، سليَمانى ٢٠١٤، ص ٤٧٩-٤٨٥

**باسی چوارەم: تاوانی جینۆسایدی قەڵادزێ**

دوای لێکۆڵینەوەو وردبینی و پشکنین، لە ٢٠١٣/١٢/٢٦ لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق دۆسیەی قەڵادزێ وەك تاوانی جینۆساید بە فەرمی ناسێنرا، بەمەش دۆسیەکە هێزی یاسایی خۆی وەرگرت و بوە بەشێك لەو دیکۆمێنتە گرنگ و مێژووییانەی کە وەك بەشێك لە چوارچێوەی تاوانی جینۆساید دژ بە گەلی کورد ناسێنرا.

**باسی پێنجەم: تاوانی جینۆسایدی سەیدساق**

پاش لێکۆڵینەوە لە کەیسی وێرانکردن و راگواستنی سەید سادق لە لایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بە هەوڵ و کۆششی پارێزەران و وەزارەتی شەهیدان و ئەنفالکراوەکانی حکومەتی هەریمی کوردستان و لیژنەی بەدواداچوونی یاسایی کەیسەکانی کوردستان، لە بەرواری ٢٠١٣/١٢/٢٦ بریاری بەجینۆسایدناساندنی "قەزای سەید سادق" لەلایەن دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق دەرچوو، کە ئەم کەیسەش بە کرداری درێژکراوەی شاڵاوەکانی جینۆسایدی گەلی کوردە.

---

[١] -تەها سلێمان، جینۆساید" زنجیرە دیداری کەناڵی ئاسمانی رێگا"، سلێمانی، ٢٠١٤، چاپی یەکەم، ل ٤٣

## باسی شەشەم: تاوانی جینۆسایدی ١٩٨٨ ئەنفال

دۆسیەی شاڵاوەکانی ئەنفال بۆ سەر گەلی کوردستان کە لە ساڵی ١٩٨٨ ئەنجامدراو لە پێشتر بە وردی باسمان کرد، سەخترین دۆسیەکانی کۆمەڵکوژی بوو، پڕ پرسیارترین و قورسترینیان بوو. بەڵگەنامەکان ئەوەمان بۆ پشت راست دەکەنەوە، کە سەرەتا دادگای تاوانی دووەم، دوای دادگای تاوانی یەکەم لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق دروستکرا. لە رۆژی ٢١ـ٨ـ ٢٠٠٦ بە سەرۆکایەتی "عەبدوڵا عامری" بە رێوەچوو، لە جەلسەی شەشەمی بە رێوەچوونی دادگا لە دۆسیەی ئەنفال، لە بەر لاوازی و ناکارایی و لایەنداری بۆ تۆمەتبارەکان، تا ئاستی ئەوەی تۆمەتبارەکان مینبەری دادگایان بۆ بانگەشەی سیاسی و سۆزو عاتیفەی شەقام بەکار دێنا، ئەمەش لە رێگای بواردانی سەرۆکی جەلسەکانەوە بۆ تۆمەتبارەکان، سەرۆکی داواکاری گشتی "مونقز ئال عمران" یاداشتێکی بە نوسین پێشکەش کرد، لە یادشتەکە بە فەرمی داوای وەلاوە خستنی سەرۆکی بە رێوەبردنی جەلسەکانی دادگا "عەبدوڵا عامری" کرد.

لە بەر رۆشنایی یاداشتەکەی سەرۆکی داواکاری گشتی، و دوای لێکۆڵینەوەی لەلایەن ئەنجومەنی دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق، لە جێگای "عەبدوڵا عامری" دادوەر " مەحمەد عورەیبی مەجید خەلیفە" وەك سەرۆکی دادگاو بەرێوەبردنی دۆسیەی شاڵاوەکانی ئەنفال دیاریکرا، لە جەلسەی دەیەمەوە کە دەکاتە رێکەوتی ٢٠/ ٩/ ٢٠٠٦. (١)

لەبەرامبەردا، تاوانبار "سەدام حوسەین" کەوتە هێرشێکی توند بۆ سەر "دادوەر مەحمەد عورەیبی" و قسەی زۆر ناشرین و نەشیاوی پێوت، هەروەك پارێزەرانی بەرگریکار لە تاوانبارەکان گومانیان خشتە سەر شەرعیەتی دادوەر "مەحمەد عورەیبی"و پرۆسەی لادانی "عەبدوڵا عامرییان" بە ناراست لە قەڵەمدا، بەڵام نە قسەکانی "سەدام حوسەین" و نە بەرگرییەکانی پارێزەرانی تاوانبارەکان، نەیانتوانی لە بڕیاری راست و درووستی دادگا کەم بکەنەوەو پرۆسەکە پەك بخەن، بۆیە دادگاو دۆسیەی ئەنفال کەوتنە سەر راستەڕێی کاری خۆیان و پرۆسەی دادگایکردنەکە درێژەی پێدرا تا کۆتایی.(٢)

بە پێی بەڵگەنامەکانی دوو توێی دۆسیەی ئەنفال، لە دادگای باڵای تاوانەکان لە عێراق، هەروەك لە بڕیاری کۆتایی دادگاشدا دیکۆمێنت کراوە، فایلەکانی ئەم دۆسیە "٤٣" فایلەو لە هەزران لاپەڕە پێکهاتوە، کە ئەمانە لە خۆ دەگرن " ئیفادات، بڕیاراتی لێکۆڵینەوە، نەخشە، دۆسیەی گۆڕە بە کۆمەڵەکان، راپۆرتی شارەزایانی نێودەوڵەتی، پشکنین، سیدی و تۆماری دەنگی"و چەندینی تر.(٣)

سەرچاوەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق، ئاماژە بۆ ئەو راستیە دەکەن، کە دەستەی دادگای دووەمی تاوانەکان، کات و هەوڵێکی زۆریان سەرف کردوە، بە ئامانجی خوێندنەوەو پشکنین و جیاکردنەوەی سەرجەم فایلەکان و پۆلێنکردنیان، بۆنموونە تەنها رێکخستن و پۆلێنکردنی ئیفادەی نزیك لە هەزار سکاڵاکار، کە کاتێکی زۆری ویستوەو پۆلێن و رێکخراوە، کە کەس و کاری قوربانییەکان بوون، ئەمە جگە لە بینینی سەدان کەسی تر، یان لە گۆڕە بە کۆمەڵەکان یان بەرکەتووی چەکی کیمیاوی یاخود لە زیندانەکان هاتوونەتەوەو بینراون و ئیفادەیان لێوەرگیراوەو رێکخراون.(٤)

---

١ -تەها سلێمان، لەدادگای باڵای تاوانەکانەوە "دۆسیەی ئەنفال"، بیروت، ٢٠١٥، چاپی یەکەم، ل ٢٨٩

٢_الحقوقی بهزاد علی ادم، الانفال"قرار محكمة" "وثيقة قانونية- سياسية- تأريخية"، دهۆك ٢٠١٤، ل ٣٦٧

**هاوكات سەرچاوەو بەڵگەنامەكانی دادگای باڵای تاوانەكان ئەو راستیە دەسەلمێنن، كە شاڵاوەكانی ئەنفال تەنها لە یەك جێگا ئەنجام نەدراون، بەڵكو لە كۆتاییەكانی ساڵی ١٩٨٧ دەستی پێكردوە تا كۆتاییەكانی ١٩٨٨و لە ناوچەیەكی بەرین و فراوانی هەرێمی كوردستان ئەنجامدراوە، بە سەدان هەزار خەڵك تیایدا بوون بە قوربانی یان كۆمەڵكوژ كراون یان زیندانی كراون یاخود بە چەكی كیمیاوی و گازی كوشندە لە نێو براون. (٣)**

---

٣-جینۆسایدی گەلی كورد "پشكنین، ئامارو زانیاری، دیكۆمێنت"،سلێمانی ٢٠١٤، چاپی یەكەم، ل ١٠٨

٤-پەڕاوی بەڵگەنامەكانی دۆسیەی ئەنفال "دادگای باڵای تاوانەكانی عێراق" كە زیاتر لە ٩٠٠ لاپەڕەی ئەیفۆرە

# بەشی چوارەم

# ناساندنی جینۆسایدی گەلی کوردستان "باشوور"

باسی یەکەم: **جینۆسایدی کوردو کاردانەوەی لەسەرئاستی نێودەوڵەتی**

لەپێش ساڵی ٢٠٠٣ و دوای رووخانی رژێمی بەعس لەهەمان ساڵ، لەرێگای نوێنەرایەتیەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان، پارت و بەشێك لەپارت و لایەنە سیاسییەکان، رێکخراوەکانی تایبەت بەجینۆساید لەسەرئاستی ناوخۆو دەرەوەی کوردستان، هەوڵ و تەقەلای جۆراوجۆر کرا بۆ ئەوەی تاوانەکانی دژ بەگەلی کورد لەلایەن رژێمی بەعس و حکومەتی عێراقی وەك کردەی جینۆسایدکردن بسەلمێنن.

بەوردبوونەوەیەکی خێراو گەڕانەوە بۆساڵەکانی پێش ٢٠٠٣، واتە لە ١٩٩١ تا ٢٠٠٣ هەوڵەکان پچڕپچڕ بوون، کۆدەنگییەکی پێویست نەلەسەرئاستی حکومەتی هەرێم نەلەسەر ئاستی پارت و لایەنە سیاسییەکان نەش لەسەرئاستی رێخکراوەکانی تایبەت بەجینۆسایدی گەلی کورد نەبوو، بۆ ئەوەی هەوڵەکان وەك پێویستە بگەنە ئاستی مەبەست و ئامانجەکانیان بپێکن، چونکە دیدەکانیش بۆ خوێندنەوەو بینینی تاوانەکان و جۆری ئەنجامدانی یەك نەبوون، رەنگە درووستترو راستربێت، ئەگەر والێکدانەوەی بۆبکەین حکومەتی هەرێم پلانێکی گوونجاو پێویستی نەبوو بۆ دنەدان و کارکردن لەسەر ئەم پرسە، پارت و لایەنە سیاسییەکانیش روانگەیان بۆ تاوانەکانی حکومەتی عێراقی و بەعس، هەڵێنجراوی دیدی سیاسی و جۆری پەیوەندییەکانیان لەگەڵ بەعس دیاری دەکرد. بۆنموونە کۆمەڵێك پارتی سیاسی ئیسلامی لەهەرێمی کوردستان لەساڵی ١٩٩١وە لەنێوگۆڕەپانی سیاسی ئامادەبوونیان هەیە، بەلاّم تاساڵی ٢٠٠٣ و ساتەوەختی رووخانی بەعس روانگەیان سەبارەت بەتاوانەکانی جینۆساید دژ بەگەلی کورد ناڕوون و لێڵ بوو، ئەمەش رێك پەیوەندی بەپەیوەندی ئەوان بەحکومەتی عێراقی و پەوەندییەکانیان لەگەڵ ئەوولاّتە ئیسلامی و پارت و رێکخراوە ئیسلامیانەوە بوو، کەتاڕووخانی "بەعس" دانیان بەوەدا نەدەنا کە بەعس و حکومەتی عێراقی تاوانی جینۆسایدی دژبەگەلی کوردی ئەنجامدابێت، تەنانەت ئەو دەوڵەت و پارت و رێکخراوە ئیسلامیانە لەکاتی دادگایی کردنی "سەدام حوسێن" و بەشێك لەسەرانی بەعس، پشتگیرییان لە "سەدام حوسێن " و داروودەستەکەی دەکرد، و بەسیمبولی نەتەوەی عەرەب و ئیسلامیان دەچواند.(١)

بەلاّم پاش رووخانی "بەعس"، هەوڵ و تەقەلاکان گۆڕانکارییان بەسەردا هات، دیدو بۆچوونی پارت و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لێك نزیکبوونەوە، حکومەتی هەرێمی کوردستان بەرنامەی کارکردنی بەجۆرێك لەجۆرەکان چڕتر کردەوە سەبارەت بەکارکردن بۆ ناساندنی تاوانەکانی جینۆساید لەسەرئاستی جیهان، رێکخراوەکانی تایبەت بەجینۆساید کاراترو فراوانتر بوون، چەندین کۆنفرانس لەسەرئاستی ناوخۆو دەرەوە لەسەرجینۆسایدو تاوانەکانی بەعس بەستران، چەندین شاندی جیاجیای حکومی و غەیری حکومی بەشداری کۆنفرانسەهەرێمایەتی و جیهانییەکانیان لەسەر پرسی تاوانی جینۆساید کرد، دادگای باڵای تاوانەکان "٦" دۆسیەیی تاوانی دژ بەگەلی کوردی وەك جینۆساید ناساند، کە هەر شەشەکەیان لە ساڵی ١٩٨٠ بۆ ١٩٨٨ دژ بە گەلی کورد لە باشووری کوردستان ئەنجامدراون، ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بڕیاری دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقی بەفەرمی وەرگرت و بەزۆرینە دەنگی لەسەردا، ئەمانە کۆمەڵێك هۆکاربوون لە نزیك بوونەوەی هەندێ لەدەوڵەتان لە دۆسیەیی جینۆسایدکردنی گەلی کورد.

---

١-تەها سلێمان، جینۆساید"زنجیرە دیداری کەناڵی ئاسمانی رێگا"، سلێمانی، ٢٠١٤، ل ٥٩-٧١

ئاکامەکەشی ئەوەبوو کە هەریەك لەولاَتانی "سوئید، بەلجیکا، کۆریای باشوور، نەرویج، پەرلەمانی ئەروپا، هۆڵەندا، ئیتالیا، فلندا، بەریتانیا" بەئاستی جۆراوجۆر لەپرسی جینۆسایدکردنی گەلی کورد نزیکبوونەوەو بەدیاریکراویش هەریەلە پەرلەمانی "سوئید، بەریتانیا، کۆریای باشوور، نەرویج" بەفەرمی تاوانەکانی دژ بەگەلی کوردیان وەك تاوانی جینۆساید ناساند.

دەکرێ بەم هەنگاوە بڵێین سەرەتایەکی ئەرێنی، بەلاَم هێشتا لەسەرەتایەو زۆری تری دەوێ، ئەوەی زۆر گرنگە ئەوەیە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، حکومەتی هەرێمی کوردستان، پەرلەمانی کوردستان، پارت و لایەنە سیاسییەکان، رێکخراوەکانی تایبەت بەجینۆسایدو تاوانەکان، نووسەرو چالاکوانەکانی بواری جینۆساید، کارایانەتر لەم مەیدانە کاربکەن و بجولێن. لەبەرامبەریشدا ئەرکێکی ئاکاری و مرۆڤانەیە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی، حکومەت و پەرلەمانەکانی ئەوروپاو رۆژئاوا، ولاَتانی هەرێمایەتی و عەرەبی و ئیسلامی، بەپیر پەیامی ئاشتیخوانەی گەلی کوردەوە بێن و تاوانەکانی جینۆساید کەلەدژیان ئەنجامدراوە بەفەرمی بناسن و دانی پێدابنێن.(١)

---

١-تاهیر مەلاجبار گەڕاوی، تێگەیشتن لە دادگای نێودەوڵەتی تاوان، هەولێر، ٢٠١٣، ل ٨، ١٣، ١٩

**باسی دووەم: دادگای تاوانی نێودەوڵەتی و جینۆسایدی کورد**

دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لەدوای جەنگی جیهانی دووەم زۆرجاربیری لێکراوەتەوە کە دادگایەکی نێونەتەوەیی هەمیشەیی هەبێت، بۆئەوەی تاوانبارانی تاوانە مەزنەکان، تاوانە نێودەوڵەتییەکان کەخۆی دەبینێتەوە لەپرسی "تاوانی جینۆساید، تاوانی جەنگ، تاوانی دژی مرۆڤایەتی، تاوانی دوژمنکاری"، لەهەوڵەکانی نویرنبێرگەوە تاوەکو دادگا نوێکان سیرالیۆن کەمبۆدیاو زۆر دادگای تر، لە بوارێکی دیاریکراودا بوون، دادگای لوبنانی لەچوارچێوەی دادگاییکردنی تایبەت بەدەوڵەتی دیاریکراو دانرا، بەڵام لایەنی ئەرێنی ئەم هەوڵە ئەوە بوو، بیرلەوە کرایەوە کە دادگایەکی هەمیشەیی هەبێت، سەرەتا ئەم بیرۆکەیە لای رێکخراوەکان و کۆمەڵ رێکخراوی جیهانییەوە هاتە ئاراوە، رێکەوتن لەسەر ئەوە کرا کە کۆبونەوەیەکی گەورە لەشاری "رۆما" لەئیتالیا سازبکرێت کە "١٦٠" وڵات بەشداریان کردو گەیشتنە ئەو بڕوایەی کە دادگایەکی هەمیشەیی نێونەتەوەیی هەبێت، ئامانجی ئەوەبێت تاوانباران لەسزا دەربازیان نەبێت، واتا کەسی تاوانبار ئەو کەسەی کە بڕیار ئەدات لەتاوانەکان، لەسزا رزگاری نەبێت، لەئەنجامدا لە کۆی ئەو "١٦٠" وڵاتەی بەشدارییان کرد"٦٠ وڵات واژۆیان لەسەر دروستکردنی دادگایەکی لەوشێوەیە کرد، کەئەمەش ژمارەیەکی باشبوو لەوکاتەدا، بڕیاردرا دادگاکە پێکبێت. ئەوەبوو دادگاکە لە ٢٠٠٢ وە دەست بەکاربوو، توانی لەماوەی "١٢" ساڵدا هەشت کەیس بجوڵێنێت.

ئەو دادگایە لە کاتی دامەزراندییەوە تا ئێستا "١٢٢" دەوڵەت تێیدا ئەندامەو کاردەکرێت بۆ ئەوەی وڵاتانی دیکەیش ببن بەئەندام تێیدا، دادگاکە کارلەسەر کەیسی ئەوتاوانانە دەکات کەلەدوای ٢٠٠٢/٧/١وە ئەنجامدراون، وەك لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ جۆری تاوانەکان کرد.

ئەم دادگایە بۆئێمە زۆر گرنگە ئەویش ئەوەیە کە لەکۆبونەوەی (کەمبالا) بڕیاردرا بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی لەململانێی ناوخۆیی وەك تاوانی جەنگ ئەژمار بکرێ، واتا ئەگەر لە کاتی سەروبەندی کیمیابارانکردنی هەڵەبجەو گۆپتەپەو بالیسان و شێخ وەسانان و تەواوی ناوچەکانی تر کە کیمیاباران کران لە پێش ساڵی ١٩٨٧ و دواتیش ١٩٨٧ و ١٩٨٨ و ١٩٨٩، ئەگەر ئەوبڕیارە هەبوایە، ئەوا بڕیارێکی نێونەتەوەیی هەبوو بۆ لێپێچینەوە لەئەنجامدەرانی تاوانەکە.(١)

چونکە پێشتر لەململانێی نێودەوڵەتیدا بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی قەدەغەبوو، بەڵام لەململانێی ناوخۆیدا تاوان نەبوو، دواتر بڕیارياندا بەکارهێنانی چەکی ژەهر یان کیمیاوی لەململانێی ناوخۆیدا وەکو تاوانی جەنگ سەیربکرێت و بە یەکێك لەتاوانە نێودەوڵەتییەکان لەقەڵەم بدرێت.

ئێستا ئەودادگایە بۆتە هۆکارێك بۆ سڵەمینەوەی تاوانباران لەئەنجامدانی تاوان بەتایبەتی سەرکردەی ئەو وڵاتانەی کە ئێستاش زۆرجار ئەگەری ڕوودانی تاوانی تێدا بەهێزە.

---

١-تاهیر مەلاجبار گەڕاوی، تێگەیشتن لە دادگای نێودەوڵەتی تاوان، هەولێر،٢٠١٣، ل٨، ٩، ١٠

بۆ ئێستاو ئەو کرانەوەو پێشوازییەیی لە دۆزی کورد بە گشتی و پرسی جینۆسایدی کورد بە تایبەت هەیە، زۆر گرنگە کورد لە هەر چوارپارچەکەی " باکوور- تورکیا، باشوور- عێراق، رۆژئاوا – سووریا، رۆژ هەلأت - ئێران"، بەجدی کار بکات بۆ ئەوەی ئەو چوار دەوڵەتی کوردیان بەسەردا دابەشکراوە، کە ئەوانەی سەرەوەن کە ئاماژەمان بۆکرد، پەیوەست بن بە رێکەوتننامەی "رۆما" و واژۆی بکەن، بەمەش مولتەزیم دەبن بە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی و بە هیچ شێوەیەك لە شیوەکان، ناتوانن دەست بۆئەگەری دووبارە کردنەوە یان ئەنجامدانی تاوانی جینۆساید یان دژ مرۆیی یان تاوانی جەنگ یاخود دووژمنکارانە دژ بە گەلی کوردو کوردستان ئەنجام ببەن.

بە تایبەت، بۆ باشووری کوردستان ئەم پرسە زۆر گرنگ و چارەنووس سازەو زەمینەش لە بارە بۆ ئەوەی فشار لە سەر حکومەتی عێراقی بکرێت بۆ ئەو مەبەستەی سەرەوە، تەنیا گرنتیش بۆ دووبارە نەبوونەوەی تاوانی هاوشێوەی تاوانەکانی پێشوو لە دژمان " جینۆساید، تاوانی دژە مرۆیی، تاوانی جەنگ، تاوانی دوژمنکارانە"، پێوەست بوونی عێراقە بە رێکەوتننامەی رۆماو واژۆکردنی، کە ئەمە راستەوخۆ مولتەزیمی دەکات بە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی. ئەمە بۆ هەریەك لە پارچەکانی تری کوردستانیش راست و درووستە، تەنانەت بۆ گەلانی ترو کەمینەو گروپەکانی تری نێو ئەو دەوڵەتانەش هەر وایەو راستە.

---

١- یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، جینۆسایدو تاوانەکانی رژێمی عێراق دژی گەلی کوردستان، ٢٠١١هەولێر، ل ١٢٠

٥- الموتمر الدولی حول الأبادة الجماعیة ضد الشعب الکوردی، اعداد اللجنة المنظمة للمؤتمر، ٢٠٠٨

## دەرئەنجامی توێژینەوە:

هەموو توێژینەوەیەکی زانستی دەگاتە دەرەنجامێك، ئێمە بەم دەرەنجامانەی لای خوارەوە گەشتین:

یەکەم: راستە ئێمە بۆ توێژینەوەکەمان کوردستانی باشوور "نموونەی سالآنی ١٩٨٠ بۆ ١٩٨٨" هەڵبژارد، بەلآم هەم لە باشووری کوردستان و هەمیش لە بەشەکانی تری کوردستان وەك "باکور، رۆژئاوا، رۆژهەلآت" گەلی کورد روو بە ڕووی پەلاماری تاوانی جینۆساید بوەتەوە، لەلایەن رژێمە داگیرکەرەکانیەوە.

دووەم: ئەوەی ئێمە وەك وێستگەی تاوانەکانی جینۆساید لە باشووری کوردستان لە نێوان سالآنی ١٩٨٠ بۆ ١٩٨٨ هەڵمان بژارد تاوانەکانی "جینۆسایدی فەیلیەکان، جینۆسایدی بەرزانیەکان، کیمیاباران و جینۆسایدی هەڵەبجە، جینۆسایدو تاوانەکانی ئەنفال ١٩٨٨، جینۆسایدی پشدەرو قەلآدزێ، جینۆسایدی قەزای سەید سادق" تێکڕا بە پێی پێوەرو یاسا نێودەوڵەتیەکان، دەچنە چوارچێوەی جینۆسایدەو لەلایەن دادگای بالآی تاوانەکانی عێراقەوە دوای سالی ٢٠٠٣و رووخانی رژێمی بەعس بڕیاریان لە سەردراوە.

سێیەم: راستە لە سەر ئاستی ناوخۆ ئەم شەش تاوانە وەك جینۆساید ناسێنراون و لە لایەن دادگاوە بڕیاریان لە بارەوە دراوەو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق و سەرۆکایەتی کۆماری عێراق و پەرلەمانی کوردستان و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم موسادەقەی بڕیارەکەیان کردوە، بەلآم تا ئێستا حکومەتی عێراق وەك میراتگرەوەی حکومەتەکانی پێش خۆی ئیلتزامی خۆی وەك پەیوەست بوون بە ناوەڕۆکی ئەو بڕیارە رانەگەیاندنەوە.

چوارەم: تا ئێستاکە نەتەوە یەکگرتوەکان لە ئاستی فەرمی دۆسیەی جینۆسایدی گەلی کوردی لەوماوە دیاریکراوە وەرنەگرتوە، هۆکاری سەرەکی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی حکومەتی عێراقی ئیلتزامی بە ناوەڕۆکی بڕیارەکەی دادگای بالآی تاوانەکانی عێراق نەکردوە.

**پێنجەم: جگە لە هەریەك لە وڵاتانی "بەریتانیا، نەرویج، بەلجیکا، سوئید، هۆڵەندا، کۆریای باکور" لە سەر ئاستی نیمچەفەرمی نەبێت، هیچ وڵاتێکی تر تاوانەکانی جینۆسایدی دژ بە گەلی کوردو کوردستانی لەو ماوە دیاریکراوە پشتڕاست نەکردوەو نەناساندوە.**

**شەشەم: تا ئێستا جگە لە هەوڵێکی کەم نەبێت کە تاوانەکانی جینۆساید دژ بە گەلی کوردو کوردستان لە قۆناغەکانی ناوەندی و دواناوەندی و پەیمانگاکان دەخوێندرێ، بابەتی جینۆساید نەبوەتە مەنهەجی خوێندن لە بنەڕەتیەوە تا ئاستی زانکۆکان.**

## پێشنیاز و راسپاردە

لێرەدا کۆمەڵێك پێشنیارو راسپاردە وەك بەرەنجامی توێژینەوەکەمان دەخەینە ڕوو، بە ئامانجی ئەوەی بۆ داهاتوو کاریان لە سەربکرێ:

یەکەم: زۆر گرنگە کاربکرێ بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق ئیلتزام بە ناوەڕۆکی بڕیارەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق بکات، بۆ ئەوەی ا، حکومەتی عێراق بە فەرمی داوای لێبوردن لە گەلی کورد لە بەرامبەر ئەنجامدانی تاوانەکانی جینۆساید لە دژی بکات. ب، وەك میراتگرەوەی حکومەتەکانی پێش خۆی قەرەبووی تەواوی زیانلێکەوتوانی تاوانەکانی جینۆساید لە هەرێمی کوردستان بکاتەوە. ج، لە سەر ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتوەکان بە فەرمی دان بەوەدا بنێ کە گەلی کوردو کوردستان لە لایەن حکومەتی عێراقیەوە روو بە ڕووی تاوانی جینۆساید بوەتەوە بەو دەلیلیانەی سەرەوەو بە پشت بەستن بە ناوەڕرۆکی بڕیارەکانی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق.

دووەم: بەو پێیەی مێژووی دوورو نزیکی گەلەکەکان چەندین تاوانی جینۆسایدو تاوانی دژی مرۆیی و تاوانی جەنگی لەلایەن داگیرکەرەکانیەوە تیا ئەنجام دراوە، پێویستە تەواوی مێژووی تاوانەکان لە قۆناغی بنەڕەتیەوە تا ئاستی زانکۆکان بکرێتە مەنهەجی خوێندن و بایەخی گرنگ و پێویستی پێبدرێ و بخوێندرێ.

سێیەم: زۆر گرنگە قوتابیان و خوێندکاران لە ئاستی پەیمانگاو زانکۆکان هانبدرێن بۆ ئەوەی زیاترو فراوانتر توێژینەوەی زانسی لە بارەی مێژووی تاوانەکانی جینۆساید لە کوردستان و لە سەر ئاستی هەموو رەهەندەکانی "فەلسەفی، فیکری، سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، دەروونی" و کاریگەرییەکانی ئەنجام بدەن.

چوارەم: بۆ ئەوەی تاوانی جینۆساید لە عێراق بە گشتی و هەرێمی کوردستان بە تایبەت دووبارە نەبێتەوە، پێویستە کارو فشاربکرێ لە پێناوی ئەوەی حکومەتی عێراق رێککەوتنامەی ساڵی ١٩٤٨ی رۆما واژۆبکات و پەیوەست بێت بە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی "لاهای"، کە ئەمەش زەمانی دووبارە نەبوونەوەی تاوانی جینۆسایدە لە سەر ئاستی عێراق.

**پێنجەم: زۆر گرنگە بایەخ بە پاراستنی سەرچاوە مێژووییەکانی تاوانەکانی جینۆساید لە هەرێمی کوردستان بدرێ لە کتێبخانەکان و هەروەها بەلگەو دێکۆمێنتەکان لە مۆزەخانەی نیشتمانی تایبەت بپارێزرێن.**

# لیستی سەرچاوەگان

## سەرچاوەکان بە کوردی:


١-د- مارف عومەر گولّ، جینۆسایدی گەلی کورد لە بەر رۆشنایی یاسای تازەی نێودەولّەتاندا، دکتۆر مارف، چاپی پێنجەم، هەولێر ٢٠١٠،

٢- تەها سلێمان، ٢٠١٤ جینۆسایدی گەلی کورد (پشکنین، ئامارو زانیاری، دێکۆمێنت) ، سلێمانی، چاپی یەکەم

٣- هیومان اریتش ووچ، وەرگێڕانی : مەحمەد حمە سالّەح تۆفیق،جینۆساید لە عێراقدا.. پەلاماری ئەنفال بۆ سەرکورد، ٢٠١٣ ، چاپی سێیەم ، سلێمانی

٤- تەها سلێمان، لە دادگای بالّای تاوانەکانەوە "دۆسیەی فەیلییەکان"، هەولێر، چاپی یەکەم ٢٠١٤ ، بەیروت

٤- تەها سلێمان، لە دادگای بالّای تاوانەکانەوە" دۆسیەی بەرزانیەکان"، هەولێر، چاپی یەکەم ٢٠١٤ ، سلێمانی

٥- تەها سلێمان، لەدادگای بالّای تاوانەکانەوە "دۆسیەی هەلّەبجە"، هەولێر، چاپی یەکەم، ٢٠١٤، بەیروت

٦- تەها سلێمان، لە دادگای بالّای تاوانەکانەوە" دۆسیەی ئەنفال، هەولێر، چاپی یەکەم ٢٠١٤

٨- یەکێتی پەرلەمانتارانی کوردستان، جینۆسایدو تاوانەکانی رژێمی عێراق دژ بە گەلی کوردستان، ئامادەکردن: ، چاپی یەکەم، ٢٠١١، هەولێر

٩-رێکار مزووری، مێژووی جینۆسایدی گەلی کورد، ٢٠١٣چاپی یەکەم، کەرکوك

١٠-جینۆسایی بارزانیەکان لە سەدەی بیستەمدا، رێبوار رەمەزان عەبدولاّ، هەولێر، ٢٠١١

١١- خەلیل عەبدولاّ، بەجینۆساید ناساندنی ئەنفال سلێمانی، ٢٠١٣، چاپی یەکەم

١٢- تەها سلێمان، کورتەیەك لە مێژووی جینۆساید، هەولێر ٢٠١٥، چاپی یەکەم

١٣-تاهیر مەلاجبار گەڕاوی، تێگەیشتن لە دادگای نێودەولّەتی تاوان، ٢٠١٣، چاپی یەکەم، هەولێر

١٤-تەها سلێمان، جینۆساید"زنجیرە دیداری کەنالّی ئاسمانی رێگا"، ٢٠١٤، چاپی یەکەم، سلێمانی

١٥- دكتۆر سالار باسيره، جينۆسايد، له ياساكانى رێكخراوى نەتەوە يەكگرتووەكان و بە نێودەوڵەتیكردنى "كورد وەك نموونە"، ، سلێمانى ٢٠١٤، چاپى يەكەم

١٦- رێبوار ئيبراهيم سلێمان، پرۆسەى ئەنفال و كيمياباراني دۆڵى جافايەتى ، لێكۆڵینەوە، ٢٠١٢، كەركوك، چاپى يەكەم

١٧-عومەر مەحمەد، پەلامارە سەربازييەكانى ئەنفال لە هەشت قۆناغدا، ٢٠١٣، سلێمانى، چاپى يەكەم

١٨-عارف قوربانى، شايەتحاڵەكانى ئەنفال، ٢٠٠٢، سلێمانى چاپى يەكەم

١٩-رێبوار رەزمەزان عەبدولاّ، جينۆسايدكردنى بارزانيەكان لە سەدەى بيستەمدا، ٢٠١١، چاپى يەكەم، هەولێر

## سەرچاوەكان بە عەرەبی:

**كتب:**

١ـ نجم سلمان مهدى الفيلى، الفيليون "تاريخ، قبائل وأنساب، فلكلور، تراث قومى" ، الطبعة الثانية، ٢٠٠٩، اربيل

٢- الدكتور خليل اسماعيل محمد، الكرد الفيليون "بين حملات التسفير وسياسة التهجير"، الطبعة الثانية ٢٠١٣، اربيل

٣- كامل عةبدلقادر ويس محمد، اليوم الذى سلبو منى كل شىء!، ٢٠١٣، سليمانية

٤- فاتح محمد سليمان، عمليات الأنفال فى كوردستان العراق، ٢٠١٠، كركوك

٥- حلبجة فى مواجهة سموم الموت، بكر حمة سديق، الطبعة الاولى ٢٠١٤، سليمانية

٧- اللجنة المنظمة للمؤتمر، المؤتمر الدولى حول الابادة الجماعية ضد الشعب الكوردى، اربيل، ٢٠٠٨

٨ـالحقوقى بهزاد على ادم، الانفال"قرار محكمة" "وثيقة قانونية- سياسية- تأريخية"، ٢٠١٤، دهؤك

## ماڵپەڕى ئەنترنێت:

١-http://ar.wikipedia.org تایبەت بە جینۆسایدی گەلان و ئەو ولاّت و شوێنانەی تاوانی جینۆسایدیان تێدا ئەنجامدراوە.

٢-ماڵپەڕی جینۆساید کورد "کوردی – عەرەبی"

**چاوپێکەوتن**:

١- چاوپێکەوتن لە گەڵ "هادی کولکنی"، نووسەرو شارەزا لە ناوچەی شارەزوورو سەید ساق ریکەوتی ١٨_١_٢٠١٥

٢- چاوپێکەوتن لە گەڵ تەها سلێمان نووسەرو شارەزا لە بواری جینۆساید، ٢٠_١_٢٠١٥